# بیرکردنەوەی نوێ
# داتای نوێ
# ئاکامی نوێ

# کابینەی حەوتەم
# میکانیزمێک بۆ پەرەپێدان



((بەشی هەرە زۆری پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان لەنێو دامەزراوە سیاسییە گەورەکان بەڕێوەدەچن، وەک پارتە سیاسییەکان، پەرلەمانــەکان، وەزارەتەکان. پرســیار لێرەدا ئەوەیــە ئایا ناکرێت توخمی وردی سیاســەت (مایکرۆ پۆلیتیک) لە پرۆســەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەشــداری پێبکرێت، ئەم لایەنە هەتا ئێستا کەمتر لە زانستی سیاسەت بایەخی پێدراوە، بەڵام بایەخدان بە بەشداری پێکردنی مایکرۆ پۆلیتیک دەبێتە فاکتەرێکی هاریکار بۆ توێژینەوەی ورد لەسەر دامەزراوە سیاســییەکان، ئەم چەمکــە گریمانەی ئەوە دەخاتە روو کە بەردەوام چوارچێوەیەکی کارکردن لەنێو هەیکەلی دامەزراوەکاندا هەیە، بەڵام لەناو ئەم چوارچێوەی کارکردنە لەسەر بنەمای بنەما فەرمیەکان کارلێککردن دروست نابێت، بەڵکو ئەم کارلێککردنە بەمیکانیزمی جیاواز دروســت دەبێت، بۆئەوەی ئەم کارلێککردنە دروست بێت، ئەوا دەبێت بیــر لەوە بکەینەوە بە تیۆری جیــاواز کاربکەین بۆئەوەی میکانیزمی جیاواز بەرهەم بهێنین، پێکەوە گرێدانەوەی ئەو میکانیزمە جیاوازانەش چەمکێــک بەرهەم دەهێنێت، کــە جەختکردنــەوەی هاوبەش، گرنگی پێدانی هاوبەش دروســت دەکات، کەواتــە پێکەوە گرێدانەوەی توخمی گــەورەی سیاســەت(ماکرۆ پۆلیتیک) لەگەڵ توخمی وردی سیاســەت (مایکــرۆ پۆلیتیک)، واتە پێکــەوە گرێدانەوەی چەنــد تیۆرێکــی جیــاواز بــۆ بەرهەمهێنانی میکانیزمی جیاواز، ئەمەش واتە بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی هاوبەش، ئەم مەعریفە هاوبەشەش وەک رۆشــنبیریەکی رێکخراو ئــەو بیرکردنەوە تازەیەمان بۆ بەرهەم دەهێنێت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەچوارچێوەی هەڵسوڕانی دامەزراوەکاندا ئاڵۆزییەکانــی کارکــردن کەمبکاتەوە(واتــە رۆتین و بیرۆکراســی کەمبکاتــەوە)، هەر بۆیە کاتێک کاری دامــەزراوەکان لەچوارچێوەی ئەم مەعریفە هاوبەشــە پیادە دەکرێت، سەقامگیری لەچوارچێــوەی کاری دامەزراوەییــدا دروســت دەکات. ئەمە مانای ئەوەیە هەوڵدان بۆ توێژینەوە لەســەر توخمە وردەکانی سیاسەت و بەشداری پێکردنی لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی چاودێری پراکتیکی ئەو مەعریفە هاوبەشە بەرهەمهاتووە بکەین کە لە کۆنتێکستی دامەزراوەیەکــی دیاریکــراودا، میکانیزمی تازە بەرهەم دەهێنێت)).



پرۆفیسۆر رۆناڵد ڤالنەر – زانکۆی هامبۆرگ



بیرمەندی ئەمریکی ئەمیتا ئیتزایۆنی خاوەنی تیۆری کۆمەڵگەی چالاکە (the active society)، ئەم تیۆرە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو توێژینەوەیەك بوو لەسەر ئەو فاکتەرانەی کە سستی و تەمەڵی لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا دروست دەکرد، هەربۆیە تیۆری کۆمەڵگەی چالاك هەوڵێك بوو بۆ گەڕان بەدوای ئەو فاکتەرە وردە شاردراوانەی کە لە کۆمەڵگە نایانبینین و دیاردەی سستی یان تەمەڵی لەناو تاکەکان دروست دەکات، سەرەنجامیش کۆمەڵگە تێکڕا سست دەبێت و چالاکی کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسیەوە، پرۆفیسۆر ئەمیتا ئیتزایۆنی لەم تیۆرە تازەیەدا سۆسۆلۆژیا دابەش دەکات بۆ دووبەش، ماکرۆسیسیۆلۆژیا و مایکرۆسیسیۆلۆژیا، مەبەستی لەم دابەشکردنە ئەوەیە، هەتا ئێستا سیسیۆلۆژیا لەسەر توخمە گەورەکان کاری کردووە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە پێویستە رۆچینە ناو وردەکارییەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بەو مانایەی سیسیۆلۆژیای تەقلیدی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای چین یان نەتەوە دابەش دەکات، بەڵام سیسیۆلۆژیای نوێ کە پێی دەگوترێت مایکرۆ سیسیۆلۆژی دادەبەزێتە خوارەوە بۆ ناو وردەکارییەکانی وەك (چوارچێوەی کارکردن، گرووپەکان، خێزان..تاد)، ئەو لەو تیۆرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆکاری ئەوەی تەمەڵی یان سستی لەناو کۆمەڵگە دروست دەکات، ئەو فاکتەرانە بینراو نین، بۆیە ناوی لێناوە فاکتەری مایکرۆسکۆبی، واتە پێویستە مایکرۆسکۆبیکی سیسیۆلۆژی دروست بکەین بۆئەوەی ئەو فاکتەرە وردە نەبینراوانە بخەینە ژێر ئەو مایکرۆسکۆبە بۆئەوەی بیانبینین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، دروست وەك ئەو ڤایرۆس و بەکتریایەی کە لەشی مرۆڤ دووچاری نەخۆشی دەکات و دەبێت پشکنینی وردی بۆ بکرێت بۆئەوەی نەخۆشیەکە دەسنیشان بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئیتزایۆنی لەم تێورە سیسیۆلۆژیەدا جەخت لەوەدەکاتەوە دەبێت ئەم دیاردەیە وەك نەخۆشیەك سەیر بکرێت و بەدواداچوون لەسەر فاکتەرە وردە نەبینراوەکان بکرێن، لەبەر ئەوەی زۆر لەو فاکتەرانەی سستی و نائومێدی لای تاك دروست دەکەن پەیوەندی بە فاکتەری زۆر وردەوە هەیە کە لەچوارچێوەی کاری دامەزراوەییدا هەستیان پێ ناکرێت، هەر بۆ نموونە ئەوەی دەبێتە سەرچاوەی نائومێدی لای گەنجەکان فەراهەم نەبوونی ئەو هەلی کارەیە کە گەنج ئومێدی بۆ دەخوازێت، ئەگەر بۆ هۆکاری فەراهەمنەبوونی هەلی کاری گونجاو بگەڕێین، هەست دەکەین ئەو فاکتەرە شاراوانەی ئەم دیاردەی دروست کردووە، ئەوەیە مەرجەکانی کەرتی تایبەت یان بوارەکانی کەرتی گشتی، لەگەڵ پسپۆری و لێهاتوویی ئەو گەنجە یەکناگرێتەوە، بۆیە ئەمە بەوە چارەسەر نابێت کە بیمەی بیکاری بۆ تەرخانبکرێت، بەڵکو بەوە چارەسەر دەبێت، مەرجەکانی کەرتی تایبەت لەگەڵ توانا و پسپۆری گەنجەکان بگونجێنرێت. ئەم میکانیزمە تازەیە کە دووبارە ئومێد لای تاکەکان دروست دەکاتەوە، پەیوەندی بە فاکتەرە وردەکانی مایکرۆسیسیۆلۆژیەوە هەیە، نەك ماکرۆسیسیۆلۆژی کە بە تەرخانکردنی بیمەی بیکاری هێندەی دیکە نائومێدی دەکات.

ئەوەی لەم دێڕانە مەبەستمانە هەوڵدانە بۆ بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەی نوێ بۆ داهێنانی میکانیزمی جۆراوجۆر و کارکردن بە مەعریفەی هاوبەش، هاوبەش بەمانای گرێدانەوەی مەعریفەی کۆمەڵگە تێکڕا پێکەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری رەوینەوەی ئەو ئاڵۆزییەی لەکاری دامەزراوەییشدا هەستی پێدەکرێت، لەم راستەوە ئەگەر

**بەشداری پێکردنی یەکە بچووکەکان دەبێتە هۆی چالاککردنی دامەزراوەکان، چالاکبوونی دامەزراوەکانیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەم بەشداری خەڵک لە پرۆسەی سیاسیی و حکومرانی زیاتر بێت، هەمیش دامەزراوەکان بەوجۆرە هەڵبسوڕێن کە رەنگدانەوەی خواستی کۆمەڵگە بێت و لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە پەسەند بێت**

**بەرنامەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدانێک بووە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی نوێ بۆئەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم کاری حکومەت کەمبکاتەوە و متمانەی نێوان خەڵک و حکومەت پتەوتر بکات و هەموو کوتلە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بەشداری پێبکات**

**نێچیرڤان بارزانی ئەو کەسەیە بۆ یەکەمین جار لە کوردستان و ناوچەکە، شێوازی هەڵسوڕانی حکومەتداری، لە هەڵسوڕانی حکومەتداری بە رێگەی وەزارەتەکان گۆڕی بۆ حکومەتداریەکی هاوبەش بۆ بەرهەمهێنانی تەرکیزی هاوبەش لەسەر پێداویستیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە**

بگەڕێینەوە بۆ ئەو پەرەگرافەی پرۆفسیۆر رۆناڵد ڤالنەر کە لەپێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە و بەشێکە لەو لەتوێژینەوەیەی کە بەناونیشانی (مایکرۆ پۆلیتیك: کێڵگەی گریمانەی ورد بۆ دیراسەتی جۆری لە زانستی سیاسەت) پێشکەشی زانکۆی هامبۆرگی کردووە، ئەوا دیسان هەست بەوە دەکەین، ڤالنەر بە هاوشێوەی ئیتزایۆنی ئامانجی ئەوەیە گۆڕانکارییەك لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان بێتە ئاراوە، پرۆسەی بڕیار دروستکردن تەنیا پەیوەست نەبێت بە دامەزراوە سیاسییە گەورەکان وەك حزبە سیاسییەکان و پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتەکان، بەڵکو لەچوارچێوەی کاری دامەزراوەکاندا کارلێك لەچوارچێوەی کارکردن دروست بێت، کە پرۆسەی بڕیار دروستکردن ببێتە بەرهەمی مەعریفەیەکی هاوبەش، بۆئەوەی میکانیزمی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی کاری دامەزراوەیی بێتە ئاراوە بۆئەوەی ئاڵۆزییەکانی بەردەمی کاری دامەزراوەیی کەمبکاتەوە، دامەزراوەکان کە لەبنەڕەتەوە بۆ ئەوە دروستکراون هەم دەسەڵات سنوردار بکات و هەمیش لەچوارچێوەی یاسا بێ لایەنی بکات، واتە دەبێت بۆ هەموو هاووڵاتیان وەك یەك لە چوارچێوەی یاسا کاربکات، لەم حاڵەتە بەشداری پێکردنی یەکە بچووکەکان دەبێتە هۆی چالاککردنی دامەزراوەکان، چالاکبوونی دامەزراوەکانیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەم بەشداری خەڵك لەپرۆسەی سیاسیی و حکومڕانی زیاتر بێت، هەمیش دامەزراوەکان بەوجۆرە هەڵبسوڕێن کە رەنگدانەوەی خواستی کۆمەڵگە بێت و لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە پەسەند بێت.

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر رۆناڵد ڤالنەریش بۆ سستی دامەزراوەکان ئاماژەی پێکردووە هەمان شێوازی ئیتزایۆنییە کە بۆ سستی کۆمەڵگە ئاماژەی پێکردووە، بۆیە پێکەوە گرێدانەوەی ئەم بۆچوونە سەبارەت بە سستی دامەزراوەکان و سستی کۆمەڵگە، فێری ئەوەمان دەکات لە هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەتی خۆمان و شێوازی کارکردنی حکومەتی خۆمان، هێندەی بەدوای فاکتەرە وردەکان بەدواچوون بکەین، هێندە خۆمان لەچوارچێوەی دامەزراوە فەرمیەکاندا کۆت نەکەین، ئەمەش دەروازەیەکی تازەیە هەم بۆ هەڵسەنگاندن و هەمیش بۆ بەراوردکاری، بەڵام بەراوردکاری بەو مانایە بەکارناهێنین کە ئەم کابینەیە لەگەڵ کابینەیەکی دیکە بەراورد بکەین، بەڵکو تەنیا بەراوردکردنی خودی ئەم کابینەی حەوتەمە لەگەڵ شێوازی هەڵسوڕانی حکومەت لەناو کایەی حکومڕانی باشدا، کە بێگومان حکومەتی باش و کارا بزوێنەری حکومڕانییە بە ئاڕاستەی حکومڕانی باش.

**کابینەی حەوتەم میکانیزمێکی نوێی کارکردن**

نێچیرڤان بارزانی لەو وتارەیدا کە لە رۆژی ٢٠١٢/٤/٥ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەك سەرۆك وەزیرانی کابینەی حەوتەم پێشکەشی کرد، بەرنامەیەکی جیاوازی لە کابینەکەی خۆی ئاماژە پێنەکرد، بەڵکو ئاماژەی بەوەکرد هەموو کابینەکانی حکومەت درێژە پێدەری یەکترین و هەریەك کاری ئەوی دی تەواو دەکات، لەهەمانکاتدا نێچیرڤان بارزانی ئەوەشی راگەیاند کە بەرنامەی کابینەی حەوتەم بەرنامەیەکی گشتگیرە بە ستراتیژیەتی تازەوە کە لەداهاتوو دایان دەڕێژین بە رەزامەندی پەرلەمان دەیانخەینە بوای جێبەجێکردنەوە.

کەواتە بەرنامەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدانێك بووە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی نوێ بۆئەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم کاری حکومەت کەمبکاتەوە و متمانەی نێوان خەڵك و حکومەت پتەوتر بکات و هەموو کوتلە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بەشداری پێبکات، ئەم هەنگاوەی کە نێچیرڤان بارزانی بیری لێکردۆتەوە بۆئەوەی ئەو میکانیزمە تازەیەی کارکردنی پێبنێتە ئاراوە، فراوانکردنی بازنەی دروستکردنی بڕیارە کە لە وتارەکەیدا بەمجۆرە ئاماژەی پێکردووە: (دوای بیست ساڵ دەبینین هێشتا دەسەڵات لە لوتکەی هەرەمی حکومەتە، ئەمە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بوو بە فەلسەفەی یاسا دانراوەکانی رابردوومان، لەو بڕوایەداین ئەم مەرکەزی بوونە لەهەموو حاڵەتێکدا ئیجابی نییە و زۆر جار دەبێتە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەك لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیان دروست بێت، یەکەم کاری ئێمە ئەوە دەبێت پلانێك دابڕێژین بۆ گواستنەوەی هەندێك لەدەسەڵاتەکان و تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان، ئەوکات هاووڵاتیان دەتوانن لەگەڵ حکومەت بەشدار بن و نزیك بن))).

کەواتە ئەگەر لە هەردوو روانگەی سستی کۆمەڵگە و سستی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکانەوە، دووبارە ئەم قسەیەی نێچیرڤان بارزانی هەڵبسەنگێنینەوە، هەست دەکەین ئەو بۆشاییەی لەنێوان خەڵك و حکومەت بۆتە دیاردە و سستی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان کە ئەویش بۆتە دیاردە، ئەگەر لەڕووی فەلسەفەی یاسا دانراوەکانەوە سەیری بکەین، ئەوا هەرچۆنێك بێت لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئەو یاسا دانراوانەی دەسەڵاتی پێ رێکخراوە کاربکەین ئاکامی باشترمان دەست ناکەوێت، بۆیە ئەو وەك سەرۆکی کابینەی










حەوتەمی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی کە خۆی بڕوای پێیەتی و دەڵێت: (کاتێك ئێمە ترسی سەرنەکەوتنمان لەبیر و ڕەفتاری خۆمان داماڵی، دەروازەی زۆر شت لەبەردەممان کرایەوە، ئێمە نەترساین تووشی نوشستی بین)، بۆیە هەر لەسەر ئەم بنەمایە و بەداماڵینی ترسی سەرنەکەوتن هەنگاوی بۆ ئەوە هەڵگرت چیتر دەسەڵاتەکان لە هەرەمی حکومەتدا نەمێننەوە و دابەش بکرێن بۆ خوارەوە بۆئەوەی میکانیزمی هەڵسوڕانی حکومەت ببێتە بەرهەمی مەعریفەیەکی هاوبەشی وەزارەتەکان و فەرمانگە بچووکەکانی خوارەوە، بۆئەوەی ببێتە بەرهەمی هەماهەنگی نێوان هەموو وەزارەتەکان و یەکە ئیدارییەکان وەك ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان و تەنانەت ئەو گوندە گەورانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان ڕێگەدەدا شارەوانییان تێدا بکرێتەوە، کەواتە دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی ئیتزایۆنی و توێژینەوەکەی ڕۆناڵد ڤالنەر بڵێین، نێچیرڤان بارزانی ئەو کەسەیە بۆ یەکەمین جار لە کوردستان و ناوچەکە، شێوازی هەڵسوڕانی حکومەتداری، لە هەڵسوڕانی حکومەتداری بە ڕێگەی وەزارەتەکان گۆڕی بۆ حکومەتداریەکی هاوبەش بۆ بەرهەمهێنانی تەرکیزی هاوبەش لەسەر پێداویستیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە، ئەو پێداویستیانەی کە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و پەراوێزخراو پێویستیان پێیەتی، بە دیوێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری لە لوتکەی هەرەمی حکومەتەوە گواستەوە بۆ ناو یەکە وردەکانی دامەزراوەکانی حکومەت، گواستیەوە بۆ ناو ناحیەك یان تەنانەت گوندێکی گەورەش، بۆیە ئەگەر لەم ڕاستەوە سەیری بکەین، هەست دەکەین شێوازی جیاوازی بیرکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی مامەڵەکردنی نییە لەگەڵ دیاردەیەك کە بوونی هەیە، هەروەها هەوڵەکانیشی بەو ئاڕاستەیە نین لەچوارچێوەی هەمان یاسا و سیستمی کارپێکراودا موعجیزە دروست بکات، بەڵکو هەوڵەکانی بەو ئاڕاستەیەبوون و ئێستاش هەر بەو ئاڕاستەیە درێژەی پێدەدات، کە نەك ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان پێکەوە وەك یەك تیم کار بکەن، بەڵکو ئامانجی ئەو لەم بیرکردنەوە تازەیە ئەوەیە هەموو یەکەکانی حکومەت و هەموو توخمەکانی حکومڕانی پێکەوە وەك یەك تیم کاربکەن و شێوازی تازەی کارکردن بەرهەمی ئەو مەعریفە هاوبەشە بێت کە لەکارلێکی نێوان دامەزراوە گەورەکانی حکومڕانی و کۆی دامەزراوەکانی حکومەت و کۆی توخمەکانی حکومڕانی بە توخمە گەورە و بچووکەکانەوە بێت، ئەم

کارلێکە کە وەك لەمیانەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەیبینین، هەستدەکەین کۆمەڵێك میکانیزمی تـــازەی بـــۆ کاری حکومەتـــداری بەرهەمهێناوە، کە داتای تازەمـــان دەخاتە بەر دەســـت و هەموو پێکەوە بەرەو ئاکامی نوێ هەنگاو هەڵدەگرین. بەڵام ئەمانەش هەمووی بەرهەمی ئەو بیرکردنەوە نوێیەیە کە نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: (دەبێت ترســـی سەرنەکەوتن لەرەفتاری خۆمان داماڵین)، داماڵینی ترســـی ســـەرنەکەوتن بە میتۆدی پۆپەر واتە داننان بەو راستیەی کە سیاسەت و حکومەتـــداری لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بەرهەمی (هەوڵـــدان و هەڵەکـــردن و دۆزینەوەی چارەســـەرە بۆ هەڵـــەکان)، ئەم میتۆدە کە ئێســـتا نێچیرڤان بارزانی لـــە حکومەتداریـــدا پیادەی دەکات، هەوڵی ســـتافی پێش خۆی بەکەم ســـەیر ناکات، بەڵکو بەچاوی رێز و تەقدیرەوە ســـەیری دەکات و پێیوایە بەشێك لەو هەڵە و کەموکورییانەی بۆمـــان بەجێماون، هاوکات کۆمەڵێك پێشکەوتن و هەنگاوی باشیش بەجێماون، چۆن شانازی بە هەوڵە باشەکانەوە دەکەین، دەبێت دان بەوەشدا بنرێت بەشـــێك لەو کەموکورتیانەی ئێستا هەن دەرهاویشتەی هەنگاوە باشـــەکان و هەنگاوە باشەکان گۆڕانکارییان بەســـەر خواســـت و داواکاری خەڵکدا هێناوە، هەر بۆ نموونە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە هەرخۆی ســـەرۆك وەزیرانـــی کابینـــەی پێنجەمـــی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بووە، ئەگەر پرســـیاری ئەوەی لێ بکەین ئایا ئەو خواســـت و داواکاریانەی ئێستا وەك سەرۆکی حکومـــەت رووبـــەڕووی دەبێتەوە، هەمان خواســـت و داواکاری هاووڵاتیانە لەکابینەی پێنجەمدا؟ بێگومان هەر وەك خۆی لـــە وتارەکانیدا ئامـــاژەی پێکردووە، پێشـــکەوتن و هەنگاوەکانی حکومـــەت گۆڕانکاری گەورەی بەســـەر خواســـت و داوای خەڵـــك هێناوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بـــەردەوام حکومەت هەنگاو بەرەو پێشـــەوە هەڵدەگرێت، ئەوا بەردەوامیش خواستی خەڵك گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بۆئەوەی حکومەت بتوانێت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێت وەڵامی خواســـتی خەڵك بداتەوە و کەموکورتیەکانیان بۆ چارەســـەر بکات، ئەوا دەبێت خەڵك و حکومەت زۆر لێك نزیك بن.

## پیادەکردنی حکومڕانی دەوڵەت
## وەك یەك تیم

حکومەت لەکۆمەڵگەی دیموکراتی پێگەیشتوو ئەگەر تەنیا کۆمەڵێك دامەزراوە بێت وەك بەشـــێك لەپرۆسەی حکومڕانی، ئەوا لەو وڵاتانەی لەپرۆســـەی دەسپێکی دیموکراتیدان، حکومەت ئەو توخمە گرنگەیە کە کۆی پرۆسەی حکومڕانی بە توخمی گەورە و بچووکەوە پێکەوە





گرێدەداتەوە و، لەوانەیە ئەگەر تەنیا لەچوارچێوەی پرۆسەی حکومڕانی، حکومەت هەڵبسەنگێنین، لەوانەیە وابێتە بەرچاو کە کارلێکی حکومەت تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەرییە، بەڵام ئەگەر لەچوارچێوەی پرۆسەی حکومڕانی باش، بۆ وڵاتی ئێمە یان وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە کە لەدەسپێکی هەنگاو هەڵگرتنین بۆ پرۆسەی دیموکراتی و سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەوا رۆڵی حکومەت لەوە گەورەترە کە تەنیا کارەکانی بە کارلێك لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری کۆتایی پێبێت، بەڵکو ئەرکی سەرشانی حکومەت دەبێتە ئەو رایەڵەی کە کۆی توخمەکانی پرۆسەی حکومڕانی بە توخمە گەورە و بچووکەکانەوە پێکەوە بکاتە یەك تیم و ئەم تیمە یەك ئامانجی هەبێت، ئەو ئامانجەش سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی و سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدانە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی دیموکراتی لەوڵاتدا پێبگات و پرۆسەی پەرەپێدانیش بگۆڕێت بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، پێکەوە گرێدانەوەی دیموکراتیەتی پێگەیشتوو و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامیش واتە گەیشتن بە حکومڕانی باش، کە تەنیا حکومڕانی باشە دەتوانێت قۆناخی ڕاگواستن لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو تێپەڕێنێت، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت حکومڕانی باش بەو جۆرە دێتە دی کە کۆی توخمەکانی حکومڕانی پێکەوە وەك یەك تیم کاربکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو زەمینەیە بۆ حکومڕانی بەگشتی و بۆ حکومەتداری کابینەی حەوتەم بەو ئاستە فەراهەم بووە کە بتوانرێت کۆی توخمەکانی حکومڕانی پێکەوە وەك یەك تیم کاربکەن؟ وەڵامی واقیعیانە بۆ ئەم پرسیارە لەوانەیە تا رادەیەکی زۆر رەشبینمان بکات، لەبەر ئەوەی کۆی توخمەکانی حکومڕانی تەنیا دامەزراوە فەرمیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دامەزراوە نافەرمیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و حزبە سیاسییەکان و پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریش دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت کۆی هەموو ئەم توخمانە وەك یەك تیم بۆ حکومڕانی کۆبکەینەوە و هەریەك لەو توخمانە لەگەڵ جیاوازی ماف و ئەرکیان وەك تەواوکاری توخمەکەی دیکە سەیر بکەین، هەست دەکەین هێشتا ئەمە دروست نەبووە، ئەمەش ئەو رەشبینییەمان لا دروست دەکات کە نەتوانین هەنگاوەکان وەك پێویست بەرەو حکومڕانی باش هەڵبگرین، بەڵام لەبەرامبەر ئەم رەشبینیە ئەوەی جۆرێك لە ئومێد و گەشبینی دروستدەکاتەوە، ئاڕاستەی هەنگاوەکانی حکومەتە هەم لەشێوازی حکومەتداری و هەم لەهەوڵدانی بۆ پێکەوە گرێدانەوەی کۆی توخمەکانی پرۆسەی حکومڕانی بۆئەوەی هەموو لەپێناوی ئامانجە سەرەکیەکە کە پیادەکردنی حکومڕانی باشە پێکەوە وەك یەك تیم کاربکەن، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەهەندێك پەیامی راشکاوانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بدەین کە هەموویان لەیەك رەهەندی گشتی یەکدەگرنەوە ئەویش ئەوەیە (دەبێت بڕیارە سیاسییەکان بەرهەمی کۆی مەعریفە هاوبەشەکانی توخمەکانی حکومڕانی ناو کۆمەڵگە بێت) پرسیار ئەوەیە چۆن هەموو بڕیارێك دەبێتە کۆی مەعریفە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە؟ بێگومان ئەو پرسیارە بەرەو ئەو وەڵامەمان دەبات بەوەی دەبێت ئامانجی هاوبەشی کۆی توخمەکانی حکومڕانی لەسەر پرۆسەی حکومڕانی باش چڕبێتەوە، ئەم چڕبوونەوەیەش نەك لەروانگەی بەرژەوەندی حزبییەوە بەڵکو لە روانگەی بەرژەوەندی گشتی خەڵك و کۆمەڵگەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بوونی توخمەکانی حکومڕانی بەیەك تیم نابێتە هۆکارێك بۆ خزمەتی توخمێکی دیاریکراو بۆ نموونە کە حکومەتە لەناو کۆی پرۆسەی حکومڕانیدا؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە باشترە هەڵوەستە لەسەر ئەو ژینگەیە بکەین کە ئەم پرسیارەی دروستکردووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم پرسیارە هەڵقوڵاوی ژینگەی ئایدۆلۆژیەتی حزبی بێت، ئەوا بێگومان وەڵامەکەی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت بەوەی نابێت کۆی توخمەکانی حکومڕانی ببنە یەك تیم، لەبەر ئەوەی ئەم تیمە هەمووی دەکەوێتە خزمەتی یەك توخمەوە کە ئەویش حکومەتە، بەڵام ئەگەر ئەم پرسیارە لەنێو ژینگەی بەرژەوەندی گشتی خەڵکەوە دروست بووبێت، ئەوا وەڵامەکەی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت، کە بوونی توخمەکانی حکومڕانی بە یەك تیم پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات ئاسان دەکات، ئەو زەمینەیە دروست دەکات حکومەت بەرنامەی خەڵك جێبەجێ بکات نەك بەرنامەی خۆی، ئەوجا لەبەر ئەوەی بەرنامەی خەڵك لەگۆڕانکاری بەردەوامدایە و بەردەوام خواست و داواکاری تازە دێتە بەرهەم، ئەوا بەردەوام حکومەت دەکەوێتە ژێرباری ئەرکێکی قورس و هاووڵاتیان بۆ بەدیلی دیکە دەگەڕێن، بۆئەوەی بەدیلی دیکەش دەست بکەوێت، ئەوا بەردەوام حزبەکان هەوڵدەدەن میکانیزمی جیاواز بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان و وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك بەرهەم بهێنن، ئەوا لەم حاڵەتە هاووڵاتی یان خەڵك بەگشتی بژاردەی زیاتریان لەبەردەم دەبێت و لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لەنێوان بژاردە باش و باشترەکاندا،

**شێوازی جیاوازی بیرکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی مامەڵەکردنی نییە لەگەڵ دیاردەیەک کە بوونی هەیە، هەروەها هەوڵەکانیشی بەو ئاڕاستەیە نین لەچوارچێوەی هەمان یاسا و سیستمی کارپێکراودا موعجیزە دروست بکات، بەڵکو ئامانجی ئەو لەم بیرکردنەوە تازەیە ئەوەیە هەموو یەکەکانی حکومەت و هەموو توخمەکانی حکومڕانی پێکەوە وەک یەک تیم کاربکەن**

**بوونی توخمەکانی حکومڕانی بە یەک تیم پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات ئاسان دەکات، ئەو زەمینەیە دروست دەکات حکومەت بەرنامەی خەڵک جێبەجێ بکات نەک بەرنامەی خۆی**



**ئەگەر پرۆسەی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان جیاوازییەکانی توخمەکانی حکومڕانی جۆرێک لە ئاشتبوونەوە بێت بۆئەوەی هەموو پێکەوە وەک یەک تیم لە پرۆسەی حکومڕانی کاربکەن، ئەوا ئەو لایەنەی کە لەهەمووان کەمتر سوودمەند دەبێت، توخمی حکومەت دەبێت**

لەسەر سندوقی دەنگدان توانای بڕیاردانی باشتری دەبێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر پرۆسەی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان جیاوازییەکانی توخمەکانی حکومڕانی جۆرێك لە ئاشتبوونەوە بێت بۆئەوەی هەموو پێکەوە وەك یەك تیم لە پرۆسەی حکومڕانی کاربکەن، ئەوا ئەو لایەنەی کە لەهەمووان کەمتر سوودمەند دەبێت، توخمی حکومەت دەبێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە حکومڕانی باش، واتە حکومڕانی باشی بەردەوام، سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان، واتە پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، کە ئەم بەردەوامیە بوونی هەبێت، واتە نە پرۆسەی پەرەپێدان لە خاڵێکدا کۆتایی دێت و نە پرۆسەی حکومڕانی باشیش کۆتایی دێت، بۆیە ئەم بەردەوامیە، بەردەوام پێویستی بە گۆڕانکاری و نوێبوونەوەو وەڵامی خواست و داوا تازەکانی هاووڵاتیان دەبێت.

## کابینەی حەوتەم لەمەحەکی حکومڕانی باشدا

بۆچی دەمانەوێت کابینەی حەوتەم لەمەحەکی حکومڕانی باشدا هەڵبسەنگێنین؟ ئایا مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ئەم کابینەیە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێی بڵێین حکومڕانی باش و وەڵامی هەموو خواست و داواکانی خەڵکی داوەتەوە و ئیتر خەڵك شتێکی نەماوە داوای بکات؟ ئایا بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتەکانی دەوروبەر یان تەنانەت حکومەتانی لیبرال دیموکراتی بەراورد ناکەین، بۆ یەخەی حکومڕانی باشمان گرتووە؟ ئایا کاتێك باسی حکومڕانی باش دەکەین مەبەستمانە چی بە خوێنەرانمان بڵێین؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانە لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین کە مەبەستمان لە هەڵسەنگاندنی کابینەی حەوتەم بەمەحەکی حکومڕانی باش ئەوەیە:

١. پرۆسەی حکومڕانی باش واتە ئەو پرۆسەیەیە کە حکومڕانی تیایدا بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤە، ئەمەش واتە تەواوی ئەو مافانەی لەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون بە هەردوو لایەنی مافە سیاسیی و مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان.

٢. پرۆسەی حکومڕانی باش واتە ڕاستکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی لەئاکامی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتی دروست دەبن، ئەمەش وەك جۆن ڕۆلز لەکتێبی (دادپەروەری وەك ویژدان) ئاماژەی پێکردووە، واتە دەبێت یەکسانی لەلانی کەمی پێداویستیەکانی مرۆڤ بوونی هەبێت، ڕاشکاوانەتر دەبێت لە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتیشدا لانی کەمی یەکسانی لە بوارەکانی (نیشتەجێ، تەندروستی، خوێندن، ئافرەت، کار، خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە) بۆ هەموو هاووڵاتیان هەبێت، ئەوجا لەدوای بەدیهێنانی ئەم یەکسانییە گرێبەستی کۆمەڵایەتی گرێبدرێت.

٣. حکومڕانی باش پرۆسەیەکە بۆ سەقامگیری کاری دامەزراوەیی و دروستبوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و لەنێوان گرووپە جیاوازەکانی




کۆمەڵگە و لەنێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکاندا.

٤. پرۆسەی حکومڕانی باش واتە حکومەت خزمەتکاری خەڵکە، ئەم خزمەتکارییە تەنیا دروشم نەبێت، بەڵکو حکومەت بەرنامەی خەڵك جێبەجێ دەکات، خەڵك وەك سەردار و سەرچاوەی شەرعیەت ئەو مافەی هەیە لەسەر چۆنییەتی جێبەجێکردنەکە لە حکومەت بپرسێتەوە تەنانەت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، لەسەر سندوقەکانی دەنگدان سزای بدات.

٥. پرۆسەی حکومڕانی باش، مۆدیلێك نییە لە حکومڕانی هەتا لاسایی بکرێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی خۆماڵییە، بەرەنجامی وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکە، بۆیە لەپرۆسەی حکومڕانی باشدا، دامەزراوەکان رەنگدانەوەی کەلتوری کۆمەڵگە دەبن و لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە پەسەند دەکرێن.

٦. لە پرۆسەی حکومڕانی باشدا، هاووڵاتی خۆی تامەزرۆی بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی دەبێت، خۆی دەبێتە فاکتەری سەرەکی لەپرۆسەی پەرەپێداندا، بۆیە بێجگە لەوەی بۆشایی نێوان خەڵك و حکومەت پڕدەبێتەوە، لەهەمانکاتدا متمانە لەبواری ئابووری دروست دەبێت و پرۆسەی وەبەرهێنان وەرچەرخانی گەورەی بەسەردا دێت.

٧. پرۆسەی حکومڕانی باش پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەموو لایەنە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن دیاریکردنی رۆڵی حکومەت نین لەنێو پرۆسەی حکومڕانیدا، بەڵکو پیشاندانی ئاماژەکانی پرۆسەی حکومڕانی باشن، لەمەش گرنگتر ئەو ئاماژانەن کە حکومەت پێویستە رۆڵ لە بەدیهێنانیاندا بگێڕێت و جێگە پەنجەی پێوە دیار بێت، هەربۆیە لێرەوە دەکرێت لە روانگەی ئەم خاڵانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەحەکی حکومڕانی باش بدەین، ئەم لە مەحەکدانە بۆ ئەوە نییە بڵێین ئەم حکومەتە باشە یان خراپە، بەڵکو بۆئەوەیە پیشانی بدەین دەبێت ئاراستەی حکومەت لەنێو پرۆسەی حکومڕانی بە ئاراستەی هەنگاوهەڵگرتن بێت بۆ حکومڕانی باش، دەبێت ئەم هەنگاو هەڵگرتنە بەردەوامی هەبێت، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی بگەینە حکومڕانی باش، بەڵکو بۆئەوەی حکومڕانی باش بەردەوامی هەبێت. ئەم بەردەوامیەش واتە، حکومەت بەردەوامی هەبێت لە وەڵامدانەوەی خواست و داواکانی خەڵك، ئەو خواست و داوایانەی ئێستا هەیانە ئەو خواست و داوایانەشی لە ئاکامی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە دێتە ئاراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەت بەرپرسیارە لە کەموکوڕییەکانی ئێستا و لەو کەموکوڕییانەشی کە لەئاکامی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دێنە ئاراوە، بۆیە لەم راستەوە حکومەتی خۆمان هەڵدەسەنگێنین:

- ئەو خاڵە گرنگەی لە شێوازی کارکردنی کابینەی حەوتەم بەدی دەکرێت، ئەوەیە زەمینەی سەقامگیری سیاسیی، زەمینەی سەقامگیری کاری دامەزراوەی چالاك دروست دەکات، کابینەی حکومەتی هەرێمی

**حکومڕانی باش پرۆسەیەکە بۆ سەقامگیری کاری دامەزراوەیی و دروستبوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و لەنێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و لەنێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکاندا**

**پرۆسەی حکومڕانی باش، مۆدیلێک نییە لە حکومڕانی هەتا لاسایی بکرێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی خۆماڵییە، بەرەنجامی وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکە، بۆیە لە پرۆسەی حکومڕانی باشدا، دامەزراوەکان ڕەنگدانەوەی کەلتوری کۆمەڵگە دەبن و لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە پەسەند دەکرێن**

**کابینەی حەوتەم زۆر بە بوێری فاکتەری بۆشایی نێوان خەڵک و حکومەتی دەسنیشانکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر خەڵک و حکومەت لێکدووربن، ئاستی بەشداری خەڵک لەپرۆسەی سیاسیی و لە پرۆسەی پەرەپێدان دێتەخوارەوە**



کوردستان راستە لەسەر ژینگەی تارادەیەك ناسەقامگیری سیاسی دەستی بە کارەکانی کردووە، بەڵام ئەولەویەتی بەرنامەکەی بۆ دروستکردنی سەقامگیری سیاسیە، ئەمەش لەسەر دوو ئاست یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بەرامبەر بە بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی، راگرتنی هاوسەنگی نێوان جیاوازییەکان لەژێر چەتری بەرژەوەندی گشتیدا، ئەم ئاراستەی کارکردنە ئەگەر نەیتوانیبێت بەتەواوەتی سەقامگیری سیاسیی دروست بکات، بەڵام سەقامگیریەکی ڕێژەیی بەرهەمهێناوە، بەردەوامی حکومەت بەم ئاڕاستەیە یەکێکە لە ڕەفتاری دروستی حکومەت لەناو پرۆسەی حکومڕانی باشدا.

- کابینەی حەوتەم زۆر بە بوێری فاکتەری بۆشایی نێوان خەڵك و حکومەتی دەسنیشانکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر خەڵك و حکومەت لێکدووربن، ئاستی بەشداری خەڵك لەپرۆسەی سیاسیی و لە پرۆسەی پەرەپێدان دێتەخوارەوە، هەربۆیە هەنگاو هەڵگرتنی بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە، بێجگە لەوەی دیاردەی ڕۆتین و بیرۆکراسیەتی کەمکردۆتەوە، لەهەمانکاتدا خواست و داوای خەڵکی کردۆتە بەشێك لە پرۆگرامی حکومەت و راستەوخۆ لە خوارەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

- بۆئەوەی حکومەت هەمووی پێکەوە وەك یەك تیم کاربکات، جیا لەوەی دەسەڵاتەکانی لەهەرەمی حکومەتدا کەمکردۆتەوە، لەهەمانکاتدا، شێوازێك لەکاری هاوبەشی مەیدانی دەستپێکردووە، ئەمەش بە سەردانی بۆ پارێزگاکان و گرێدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لەپارێزگاکان و لەمەش گرنگتر کۆبوونەوەی راستەوخۆی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ پارێزگاکان و فەرمانگاکانی ناو پارێزگاکان بۆئەوەی بەشێوەیەکی مەیدانی بڕیار لە کەموکورتیەکان بدرێت و وەڵامی خواستی خەڵك بدرێتەوە. هەروەها کابینەی حەوتەم بڕیاریداوە لەگەڵ هەر وەزارەتێکیش بەجیا کۆببێتەوە بۆئەوەی کێشە و کەموکورتی وەزارەتەکانیش راستەوخۆ لەناو وەزارەتەکانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

- کابینەی حەوتەم بە بوێری دانی بەو هەڵە و کەموکورتیانە ناوە کە لە ئاکامی پرۆسەی پەرەپێدان رووبەڕووی بووینەوە، هەر بۆ نموونە هەوڵیداوە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و هەژار، وەك مافی هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ پێناسە بکاتەوە، راستە پرۆسەی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ چەند ساڵێکە لە کوردستان دەستی پێکردووە، بەڵام لە کابینەی حەوتەمدا ئێستا خەریکە یاسای دەستەی نیشتەجێبوون پەسەند دەکرێت کە ئامانج لێی دابینکردنی یەکەی نیشەجێیە بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، ئەمەش مانای ئەوەیە کابینەی حەوتەم دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ وەك مافی هاووڵاتیبوون پێناسە دەکات و ناکرێت هاووڵاتی کوردستان بیت و نەتوانی یەکەی نیشتەجێ دابین بکەیت.

- لە پرۆسەی چاودێری تەندروستی، کابینەی حەوتەم ئەم پرۆسەیەی فراوانکرد، لە چارەسەرکردنی نەخۆشەوە بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی نەخۆشی، بۆ ئەمەش جیا لەوەی هەر لەو ماوەیەدا بەردی بناخەی چەندین نەخۆشخانەی گەورەی ١٠٠-٤٠٠ قەرەوێڵەیی دانرا، لەهەمانکاتدا زیاتر ئاسانکاری کراوە بۆئەوەی بەدەیان نەخۆشخانەی ئەهلی بکرێنەوە، هەروەها پرۆسەی قاچاخچێتی دەرمان قەدەغەکراوە و کوالیتی دەرمان خراوەتە ژێر چاودێرییەوە، ئەمە بێجگە لەوەی لیژنەی هاوبەش لەنێوان فەرمانگەکانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندارەکان دامەزراوە بۆئەوەی ڕێگە لە تووشبوونی نەخۆشی بگیرێت.

- بایەخدان بە پەروەردە و فێرکردن، بۆ ئەمەش هەوڵیداوە لەدایانگەکانەوە تا قوتابخانەکان چاوپێداخشانەوەیەکی گشتگیر بکرێت، بگاتە ئەو ئاستەی منداڵانی خێزانە کەمدەرامەتەکان بەئاستی پێویست پێداویستی خوێندنیان









بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەمەش ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر پێداویستی هەر ناوچەیەك بۆ قوتابخانە و دایانگا راستەوخۆ کۆدەبێتەوە و ئەو پێداویستیانە دەکرێنە بەرنامەی حکومەت و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

- بۆ ڕێگرتن لە بێکاری و دۆزینەوەی هەلی کار حکومەت بێجگە لەوەی ساڵانە دەیان هەزار کەس دادەمەزرێنێت، لەهەمانکاتدا داوای کردووە کە هاتنی کرێکاری بیانی کەمبکرێتەوە، بۆئەوەی هەلی کار لەبەردەم لاوانی کوردستان زیاتر بێت و نرخی کاریش بەرزبێتەوە.

- بۆئەوەی دامەزراوەکان ڕەنگدانەوەی کەلتوری خەڵکی کوردستان بێت و خەڵکی کوردستان دامەزراوەکانی خۆی پەسەند بکات، زۆر بە راشکاوی ڕەخنەی لە سیستمی دامەزراوەیی ئێستای هەرێمی کوردستان دەگرێت، هەوڵدەدات دامەزراوەکان بەوجۆرە بن کە کۆمەڵگەی کوردستان لەکۆمەڵگەیەکی بەکاربەرەوە ببێتە کۆمەڵگەیەکی بەرهەم هێن.

- کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان راشکاوانە پێداویستی بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردستانی لەهەموو بوارەکاندا دیراسەت کردووە، وەزارەتی پلاندانان بودجەی پێویستی بۆ ئەم ژێرخانە بە نزیکەی ٣٠ ملیار دۆلار مەزندە کردووە، بۆیە ئەگەر ئەم پێداویستیانە لەگەڵ بودجەی هەرێمی کوردستان بەراورد بکرێت، ئەوا نزیکەی ١٠-١٥ ساڵمان دەوێت تا ئەم بودجەیەی بۆ دابین دەکرێت، بۆیە کابینەی حەوتەم جیا لەوەی لەسەر هەمان نەخشەی کابینەی پێنجەم بایەخ بە سەرچاوە سروشتیەکان دەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا لەهەوڵی دابینکردنی سەرچاوەی دیکەی داهاتە، بۆ نموونە بایەخدان بەکەرتی گەشتوگوزار و گۆڕینی ئەم کەرتە بۆ پیشەسازی گەشتوگوزار بۆئەوەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خێراتر بکرێت.



## وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە کابینەی حەوتەمدا لەسەر سێ ستراتیژ کارمان بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی کردووە

**سەبارەت بە گرنگی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکەرتی تەندروستی و دروستکردنی نەخۆشخانە و پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان بەرێز د.رێکەوت حەمەرەشید لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە رای خۆی دەربڕی:**

من بە ڕاستی سوپاسی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ هەموو پشتیوانیەکانی لە بواری تەندروستی هاووڵاتیان، بە ڕاستی ئێمە لە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستاندا بۆ باشترکردنی ڕەوشی خزمەتگوزاری تەندروستی سێ ستراتیژیەتمان دەست پێکردووە، یەکەمین ستراتیژمان ئەوە بووە کە بەگژ کێشە هەنووکەییەکان و کێشەکانی ئێستادا بچینەوە لەوانە کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشی دەرمان کە وەکو خۆتان ئاگادارن ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەم بە دانانی پزیشکی دەرمانساز لە ناو بازگەکان بە تەنسیق لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و تۆکمەکردنی بازگەکان هەروەها بە دانانی ڕێوشوێنی تازە بۆ هاوردەکردنی دەرمان بە پێی یاسا، هەروەها گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی واژۆکردووە بۆ چارەسەرکردنی دەرمان، دواتر ئەوەی لە پلانماندایە بینایەکی تازەی کوالیتی کۆنترۆڵ دروست بکەین و کۆگایەکی ناوەندیی لە هەولێر بۆ عەمبارکردنی دەرمان بە بڕی ١٠ملیۆن دۆلار دروست بکەین، هەروەها بە دانانی ستیکەرو نرخ لەسەر دەرمان هەروەها بە گژاچوونەوەی دەرمانی ئیکسپایەرو خراپ کوالیت کە نزیکەی ٨٥٠تۆن دەرمان دەستی بەسەردا گیراوە، تۆکمەکردنی هۆبەی چاودێری بازاڕ، ئەمانە ئەو کێشە هەنووکەییانە بوون لە دەرماندا، هەروەها لەسەر ئاستی کەمی ژمارەی پزیشك لە شوێنە دوورەکان ئێمە ئێستا بە شانازییەوە دەڵێین لە سەرەتای کابینەی حەوت لە کۆیەو مێرگەسوورو شەقڵاوەو کفری و سەیسادق و لە زۆر شوێنی تر پزیشکی نەشتەرگەرو بێهۆشکارو پزیشکی ئافرەتان و مناڵبوون نەبوو،ئێستا خۆشبەختانە لەو شوێنانە کلینیکی ڕاوێژکاری کراونەتەوەو ژمارەی پێویستی پزیشکیان بۆ دابین کرا کە سوودی زۆری بۆ هاووڵاتیان هەیە، عیادەی بیست و چوار کاتژمێری کراوەتەوە، ستراتیژی دووەم بەگەڕخستنی پرۆژەی گەورەیە کە لەم ماوەیەدا چەندەها پرۆژەی گەورە بەردی بناغەی بۆ دانراوە، لەوانە پرۆژەی نەخۆشخانەی سەد تەختی شێرپەنجە لە دهۆك، نەخۆشخانەی سێسەد تەختی لە دایك بوون و مناڵبوون لە دهۆك، نەخۆشخانەی سێسەد تەختی ئیمرجنسی لە دهۆك و نەخۆشخانەی سەد تەختی لە بەردەڕەش هەروەها هاوشێوە لە خەبات و نەخۆشخانەی

سێســـەدتەختی لە ناو شـاری هەولێر، هەروەها نەخۆشخانەی دووسەد تەختی مناڵ و مناڵبوون لە سـلێمانی، نەخۆشـخانەی دووسەد تەختی ڕۆماتیزم و ڕاهێنانەوەی سروشتی لە سلێمانی، نەخۆشخانەی دووســەدو نەوەدتەختی لە ڕانیە، هەروەهـا لە ئاینــدەی نزیکدا چەنـد بەردی بناغەیەك دادەنێین لەوانە نەخۆشـخانەی پەنجا تەختـی لە حەریرو لە ڕەواندز و بیسـت و پێنج تەختی لە سیدەکان و کۆگای دەرمان لە هەولێرو سـەنتەری تالاسیمیا لە هەولێر و نەخۆشخانەی سەدوبیسـت تەختی شـێرپەنجە لە سلێمانی و نەخۆشخانەی سـەدتەختی چاندنی بەشەکان و ئەندامەکانی لەش لە سـلێمانی و پەنجا تەختی حومەیات لە سلێمانی و پەنجا تەختی سەد تەختی لــە چەمچەماڵ لە گەرمیان، ئەمانە هەمووی ئەو پڕۆژانەن کە ئێمە توانیومانە لەسـەر ئاستی پڕۆژەکان بیکەین و لە ٣ تا ٤ سـاڵی داهاتوودا ژێرخانێکی تەندروسـتی گـەورە ئامادەدەبێت بۆ کەرتی تەندروسـتی لە هەرێمی کوردستان، سێیەمین خاڵ لە سـتراتیژدا بریتیە لە مۆدێرن کردنی سیستمی تەندروسـتی ئەویش لە چەند خاڵێك خۆی دەبینێتەوە یەکەمیان دروست کردنی بۆردی تەندروستی بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆو سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سـەرۆکی ئەنجومەنـی وەزیران بە هۆیەوە چەند پرسێك ئامادە دەکەین و تاووتوێیان دەکەیـن، لەوانە زیاتر ڕوونیـی بدەین بە کاری سـەندیکاکان کە ئێسـتا بە داخـەوە تێکەڵی بە کاری سـەندیکاو کاری وەزارەتــەوە دیارە، هەروەها جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت لە کەرتی گشـتی، بۆ ئەم مەبەستە گرێبەستمان لە ڕێی وەزارەتی پلانەوە کردووە سوپاسیان دەکەم کە زۆر هەماهەنگن لەگەڵماندا هەروەها گرێبەسـتمان لەگەڵ بانقی نێودەوڵەتی کە چەند پسپۆڕێکمان بۆ ناردویــن بۆ جیاکردنــەوەی کەرتی تایبەت لە کەرتی گشـتی و پلانێکی پێنج ساڵییان بۆ داناوین کە چۆن سیسـتمی تەندروسـتی چاك بکەین و ڕێکیان بخەین،ئەمە بە کورتی ئەو سێ تەوەرەیە کە کارمان لەسـەر کردون، کە مەبەست لێـی پڕکردنەوەی کەموکورییــە هەنوکەییەکان و تەواوکردنی ژێرخانی تەدروسـتی و پڕۆژەی تـازە، سـێیەمیش گۆڕانکاری لە سیسـتمی تەندروستیدا.

## سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ ( گوڵان):

# تێڕوانینی نێچیرڤان بارزانی بۆ زانکۆ پێشکەوتنی ئایندەی زانستە لە کوردستاندا

**پرۆفیسـۆر ئەحمەد دزەیی سـەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین سەبارەت بە بایەخدانی کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان بە زانکۆ و پێشخسـتنی زانسـت، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە بایەخدانی کابینـەی حەوتەم بە زانکۆ لەروانگەی بایەخدانە بە ئاینده کوردستان و لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.**



وەك زانکۆی سـەلاحەدین لە مـاوەی کارکردنی کابینەی حەوتەم دەسـکەوتی زۆرمان بەدەسـت هێناوە، پێشـتریش بەڕێزی لەکابینــەی پێنجەم گەلێك پڕۆژەی بۆ زانکۆکەمان ئەنجامداوە، بۆ نموونە پڕۆژەی دروسـتکردنی ١٠٠٠ خانوو بۆ مامۆسـتایانی زانکۆ و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەبا، کە سـەرجەم ئـەو پڕۆژانە بەتێچوونی ٢٠ ملیـۆن دۆلار بـووە. خاڵێکـی گرنگـی دیکە کە بۆ پەرەپێدانــی زانکۆکان جێبەجێکراوە بریتییە لەدابینکردنی ٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ زانکۆی سـەلاحەدین، ئومێدەوارین بتوانین بۆ پەرەپێدانی بەشـە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ قوتابیان و نۆژەنکردنەوەی تاقیگەکان خەرجی بکەین. لەمەش گرنگتر لەچەنـد ڕۆژی ڕابردوو بـەردی بناخەی کەمپی زانکۆی سـەلاحەدینی دانا ئەمەش، ئـەم پڕۆژەیە پڕۆژەی کابینەی پێنجەم بوو، بەڵام لەدەسـپێکی کابینەی حەوتەمەوە بەدواداچوونـی جیدی بۆ کرا هەتا گەیشـتە ئەوەی بەردی بناخەی دانرا، ئومێدەواریشـین هەر خۆی ئەم پڕۆژەیە دوای تەواوبوونی بیکاتەوە، ئەمڕۆش(٢٠١٣/٦/٢٩) لەمەراسیمی کردنەوەی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی دووبارە تەئکیدی لەکارەکان کردەوەو پێی ڕاگەیاندم کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی تەکلیفکردووە بەجێبەجێکردنی کارەکان ئەمەش مانای ئەوەی کەمپی زانکۆی سـەلاحەدین لەکاتی خـۆی تەواو دەبێت. هەروەها بەڕێزی گرنگی داوە بەدروستکردنی بەشی ناوخۆیی بـۆ قوتابیان و نۆژەنکردنەوەی تاقیـگاکان و تەئکیدکردنەوە لەســەر گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن لەو چوارچێوەیەی بەرزکردنــەوەی ئاسـتی مەعریفەو خوێندن دێـت، تەنانەت لەپێداچوونەوەی بەرنامەی تواناسـازیش بەو شـێوەیەی کە کوردسـتان پێویسـتی پێیەتی هەر لەو چوارچێوەیەدا دێت، هەربۆیــە هەوڵەکانی ڕێـزدار نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی زانکۆ پێشکەوتنی زانستی لەدوارۆژدا بەدەست دێنێت.

### بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و تەکنیک لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون بۆ( گوڵان):

# دەستەی نیشتەجێبوون، بێ پێشەکی و بەقیستی ٢٥ ساڵ یەکەی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت دروست دەکات

**سەبارەت بەگرنگی دروست بوونی دەستەی نیشتەجێبوون؛ کە لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠١٣ لەبڕگەی دووەمی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرپەرشتیاری ئەنجومەنی ئابوورییەوە خرایەڕوو. زانا عوزێری، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و تەکنیک لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون و ئەندازیاری شارەزا لەبواری نیشتەجێ بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**



کابینەی حەوتەم هەوڵی هەنگاونانی خێرای دەست پێکردووە بۆ ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی هەژارو کەم دەرامەت و مامناوەندیش چارەسەر بکات، پێشتریش بەدەستپێشخەری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەساڵانی ١٩٩٨-١٩٩٩ لەڕێگای دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و خانووەوە ئەم کارە کراوە، دروستکردنی شوقەکانی هاناسیتی و ئەو ٤٤٤ شوقەیەی لە ڕێگای عەینکاوە لەهەولێر دروستکرا، لەگەڵ خانووەکانی شەهیدان و ئاوارەکان ئەمانە هەمووی چەند نموونەیەکی بەرچاوی ئەو هەڵمەتەیە کە بە پاڵپشتی و دەستپێشخەری بەڕێزیانەوە دەستی پێکراو رۆڵی لە کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لەهەرێمی کوردستان هەبوو.

ئەمڕۆش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی ئەو هەڵمەتە دەکات تاوەکو تاکەکانی ناوکۆمەڵگاو خێزانە کەم دەرامەتەکان ببنە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون و لەمەشدا بەپێی ئەو ئەزموونەی هەمە زۆر گەشبینم کە کاری دەستەی نیشتەجێبوون سەرکەوتوو دەبێت. یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٨ کە ئەوکات لە پەرلەمان دەرچوو بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت لەسەر بودجەی حکومەت، لەو روانگەیەوە هات کە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەم رووەوە چارەسەری تەواوی کێشەی نیشتەجێبوون ناکات بەتایبەتی بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، هەربۆیە لەساڵی ٢٠١١ ئەم یاسایە هەموار کرایەوە بەیاسای ژمارە ١٦ کە ئەم یاسایەدا دەڵێت: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت بەدروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت بەبودجەی حکومەت، هەربۆیە بە پێی ئەم یاسایە دەبێت وەزارەتی شارەوانی بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوون زەوی تەرخان بکات و ئەو کاتەی سندوقی نیشتەجێبوونیش دانرا وەزارەتی دارایش بودجەی پێویستی بۆ دابین بکات، هەر لەو ساڵەدا ١٢٠٠ شوقە لەهەولێرو سلێمانی و دهۆک دەستنیشان کرا تا دروست بکرێت و ٤٩ ملیار دینار تەرخان کرا، لەساڵی ٢٠١٢ بڕیاری دروستکردنی ٥٠٠٠ یەکە لە شارو قەزاکانی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت کە ٢٠٠ ملیار دینار بۆ دروستکردنی یەکەکان و ٥٠ ملیار دیناری دیکەش بۆ کارە خزمەتگوزارییەکانی ئەو یەکانە تەرخان کرا، ئەمساڵیش بڕی ٢٠٠ملیار دینار بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوون و ٥٠ ملیار دیناری دیکەش بۆ خزمەتگوزارییەکانی تەرخان کراوە کە تەنانەت ناحیەکانی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. بەپێی یاساکەی دەستەی نیشتەجێ بوون ئەو یەکانە بەنرخێکی گونجاوو بە قیستی ماوەی ٢٥ ساڵ و بێ پێشەکی بە هاووڵاتیانی کەم دەرامەت دەدرێت و بەبێ قازانجەو پارەکەی بەپێی تێچوونی یەکەکانەو دەچێتەوە بۆ ناو سندوقی نیشتەجێ بۆ دووبارە ئیش پێکردنەوە. هەروەها ئەو یەکانەی دروست دەکرێت تەنیا بۆ فەرمانبەران نییە بەڵکو تەنیا ٥٠٪ بۆ فەرمانبەرانەو ئەوی تر بۆ خەڵکی ئاساییە، بەڵام دەبێت مەرجی کەم دەرامەتیان تێدا بێت. ئێستا لەشارەکانی کوردستان لەو ٥٠٠٠ یەکەیەی نیشتەجێبوون کە لەساڵی ٢٠١٢ دەستپێکراوە بۆ هەولێر ١٧٠٠ یەکەو سلێمانی ٢١٥٠ یەکەو دهۆک ١١٥٠ یەکەیەو بەپێی ژمارەی دانیشتووان دابەشکراوەو لەژێر جێبەجێکردندایەو لە کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبن و لەداهاتوویەکی نزیکدا فۆرمەکان دابەش دەکرێت.



### پرۆفیسۆر فرانسیس چینیڤاڵ بۆ گوڵان:

# ئەو کاتە حکومەتێکی چالاکت دەبێت کە هاووڵاتیەکی چالاکت هەبێت و بتوانێت چاوێکی رەخنەگرانەی هەبێت

پرۆفیسۆر فرانسیس چینیڤاڵ سەرۆکی بەشی فەلسەفەی سیاسییە لەزانکۆی زیورخ لە سویسرا و تایبەتمەندە لەسەر پرۆژەی دیموکراتی لەوڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و هەروەها لەوڵاتانی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا و راوێژکاربووە لە ئامۆژگای ئازادی و دیموکراتی لە برۆکسل و لەساڵی ٢٠١١بو سەرۆکی کۆمەڵگەی بیرمەندانی سویسرایە، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و حکومڕانی باش لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چەند پرسیارێکمان لە پرۆفیسۆر فرانسیس کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** لە سەدەی بیست و یەکدا، حکومەتەکان بە حکومڕانی باش و حکومڕانی خراپ وەسف دەکرێن، واتە مەرج نییە هەر چوار ساڵ جارێك یان پێنج ساڵ جارێك هەڵبژاردن بکرێت بۆ ئەوەی بڵێین حکومڕانی باشمان هەیە، بە رای ئێوە ئایا ئەو پرەنسیپانە چین کە حکومڕانی باش دیاری دەکەن؟**

- خاڵێکی زۆر زۆر باشتان وروژاند، لە راستیدا چەند پێوەرێك هەیە بۆ حکومڕانی باش، سەرەتا پێوەرگەلێك هەن پەیوەندیان بە رێوشوێنەکانەوە هەیە بۆ گەرەنتیکردنی حکومڕانی باش، وەك چاودێری کردن و لێپرسینەوە لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەت، بە چەشنێك هیچ دامەزراوەیەکی حکومی بێ کۆنترۆڵکردن و لێپرسینەوە لەلایەن دامەزراوەکانی دیکەوە، کار نەکات. کەواتە چاودێریکردنی دامەزراوەکانی حکومەت لەلایەن دامەزراوەکانی دیکە گرنگە. هەروەها حکومڕانی باش بەوە گەرەنتی دەکرێت کە راپرسی بکرێت و ئەوەش لەلایەن خەڵکەوە داوا بکرێت، واتە تەنیا سیاسییەکان هەڵنەبژێرن، بەڵکو توانای هەڵوەشاندنەوەی هەندێ لەو بریارانەیان هەبێت کە سیاسییەکان دەری دەکەن. بە گشتی حکومڕانی باش پەیوەستە بە جێبەجێکردنی یاسا و ئیرادەی خەڵکەوە...هەروەها گرنگە گەندەڵی نەبێت و داهاتی گشتی بۆ چاکەی گشتی بەکاربهێنرێت، کە سوودی بۆ هەموولایەك هەبێت، ژێرخانی باش هەبێت، ژێرخانی تەندروستی و گواستنەوە و گەیاندن و وزە، ئەوە حکومڕانی باشە، واتە حکومەت ئامرازی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریە گشتیانەی بە شێوەیەکی باش هەبێت، هەروەها هاووڵاتیان بپارێزرێن. کەواتە من جەخت لەسەر ژێرخانی تەندروستی و گواستنەوە و گەیاندن و وزە و ژێرخانی ئاسایش دەکەمەوە کە بە شێوەیەکی باش لەلایەن حکومەتەوە دابین کرابێتن.

*** بوونی حکومڕانی باش فاکتەری سەرکەوتنە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، چۆن ئەتوانرێت هەنگاو بۆ حکومڕانی باش هەڵبگیرێت لە کاتێکی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە ئارادایە و ئایا پەیوەندی نێوان دیموکراسی و حکومڕانی باش چییە؟**

- پێموایە لەو کۆمەڵگایەنەی هێشتا دیموکراسی بە تەواوەتی بەرەوپێشچوو نەبێت یان کامڵ نەبووبێت. ئەوا ئەدای حکومەتی باش پەیوەستە بە سەروەری یاساوە، بە چەشنێك حکومەت و دامەزراوەکانی پێشبینی کراوبن و یاسا پیادە بکەن، بۆیە لەم روانگەیەوە پێش هەموو شتێك حکومڕانی باش پەیوەستە بە سەروەری یاساوە، سەروەری یاساش ئەوکاتە دێت کە بەرپرسانی حکومەت بخرێنە ژێر بەرپرسیارێتییەوە، ئەوەش بە هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێدا راستە، هەڵبژاردن بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو لێپرسینەوە و چاودێریش هەبێت لە ناو سیستمەکەدا.

*** کێشەی سەرەکی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بریتییە لە پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی، بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە لێهاتوویی مرۆییدا بکرێت وەك سەرچاوەیەك بۆ بەردەوامبوون لە پرۆسەی گەشەپێدان، بەهۆی ناسەقامگیرییەوە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، ئەویش بەهۆی بارودۆخە ئابووری و سیاسییەکەوە، ئەوا وڵاتەکە پێویستی بە چالاککردنی بەهرە مرۆییە ناوخۆییەکانی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە لە کوێدا پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی دەست پێدەکات و چۆن دەست پێبکرێت؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد راستە دەربارەی سەرچاوەی مرۆیی و پەرەپێدانی مرۆیی. بە دڵنیاییەوە یەکەم پرسی سەرەکی لەم رووەوە کە بێتە هزرمان، بریتییە لە پەروەردە، کەواتە کارێکی بنەرەتیە کە پەرە بە پەروەردەی گشتی یان ژێرخانی پەروەردە بدرێت. بەڵام ئەمە بەس نییە، بەڵکو ئەو کارەی دەکرێت لە بواری رۆژنامەگەریدا، وەك رۆژنامە و بڵاوکراوە دەورییەکان، تا دوا رادەدە گرنگن. کوالێتی مرۆیی سەرچاوە مرۆییەکان لەرێی گفتوگۆ و مشتومڕی گشتییەوە بەرەوپێشدەچن و راگەیاندن رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت. کەواتە دەبێت بایەخ بەم دوو بوارە بدرێت، کاتێك دەڵێم ژێرخانی پەروەردەیی، مەبەستم لە زانکۆ نییە، بەڵکو قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییە پیشەییەکان. راهێنانی پیشەیی هێندەی زانکۆکان گرنگن. رەنگە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان زانکۆیان هەبێت کە سۆسیۆلۆجی و فیزیای تیا بخوێنرێت، بەڵام ئەوەی وڵاتەکە پێویستی پێیەتی بریتییە لە خەڵکانی کارامە و تەکنیکی کە لە قوتابخانە پیشەییەکان فێری دەبن، کەواتە نابێت یەکەم جار ئاراستەی پەروەردە لەسەر زانکۆ یان مرۆڤایەتی بێت. بناغەی باشی پەروەردەی گشتی بریتییە لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و راهێنانی پیشەیی. لە پەیوەندیدا بە راگەیاندنەوە پێموایە پێویستە دەوڵەت دەستێوەردان نەکات بۆ ئەوەی راگەیاندن بە رێگەی خۆی گەشە بکات.

*** تەندروستی بوارێکی زۆر گرنگە کە وا دەکات حکومەت هەڵسێت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی پەیوەست بە پەروەردەو رێکخستنەوەی ژێرخانی پەروەردە، لەلایەکی دیکەوە کەرتی چاودێری تەندروستی هەیە، بۆ هەمووان بە گشتی و بۆ منداڵان بە تایبەتی، تا چەند دابینکردنی چاودێری تەندروستی کاریگەری**

**پێموایە لەو کۆمەڵگایەنەی هێشتا دیموکراسی بە تەواوەتی بەرەوپێشچوو نەبێت یان کامڵ نەبووبێت. ئەوا ئەدای حکومەتی باش پەیوەستە بە سەروەری یاساوە**

**پێویستە سیاسەتی چاودێری تەندروستی سەرەتا بە ئاراستەی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بێت. چونکە چارەسەرکردن تێچوونێکی زیاتری دەوێت**

**ئیجابی لێدەکەوێتە بۆ پرۆسەی گەشەپێدان؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە چاودێری تەندروستی لە رادەبەدەر گرنگە، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی تەندروستی باشیان هەبێت و کار بکەن، بەڵام پێموایە رێگەگرتن لە نەخۆشی گرنگترە وەك لە چارەسەرکردنی- خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر-. کەواتە پێویستە سیاسەتی چاودێریی تەندروستی سەرەتا بە ئاراستەی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بێت. چونکە چارەسەرکردن تێچوونێکی زیاتری دەوێت، بەڵام ئەگەر بتوانیت ئاوی پاك دابین بکەیت، و ئەگەر بتوانیت سەلامەتی شوێنی کار بپارێزیت، کە زۆرجار ئەمانە فەرامۆش دەکرێن، لەلایەن بواری تەندروستیەوە، کە پتر تەرکیز لەسەر بوونی پزیشك و چارەسەرکردن دەکرێتەوە، کەمتر لەسەر خۆپاراستن و رێگرتن دەکرێتەوە.

*** لە سیستمی دیموکراتیدا حکومەت رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیاتنانەوەی ژێرخان و دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی پێیان بوترێت حکومەتی چالاك، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حکومەتی چالاك پێناسە بکەین، کە توانای بەدەمەوەهاتنی داخوازیەکانی قۆناغی گەشەپێدانی هەبێت؟**

- بە زۆری کێشەی حکومەتی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان پەیوەندی بە سەرچاوەکانی کەمی داهاتەوە هەیە، ئەوەی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بەدی دەکەیت، ئەوەیە خەڵکی باجێکی کەمتر دەدات بە بەراورد بە وڵاتە گەشەکردووەکان. پێموایە بۆ بەرەوپێشبردنی ژێرخان لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا-لە زۆرێك لەم وڵاتانەدا-دانی باجە بە رێگای جیاواز، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەوەی بەرپرسیارێتی زیاتر هەبێت بۆ وەرگرتنی باج، کارێکی سوودبەخشە بۆ دیموکراسی، چونکە ئەگەر خەڵکی باجی زیاتر بدەن، ئەوا پتر بایەخ بەوە دەدەن حکومەت چیان بۆ دەکات و دەیانەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو پارەیەیان بۆ بگەرێتەوە، کەواتە ئەمە فیدباکێکی ئیجابی دەبێت لە نێوان حکومەت و ئەوانەی باج دەدەن. ئەوانەی باج دەدەن زیاتر رەخنە لە حکومەت دەگرن، وەك لەو کەسانەی بەهرەمەندن لە خزمەتگوزاریەکان بێ ئەوەی بەشداربووبێتن لە بەدیهێنانیاندا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە هەندێ جار کۆمەك و یارمەتی دەرئەنجامێکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی شکاندنی ئەو ئەڵقەیەی کە پێویستن لە نێوان خەڵك- باجدەران- و حکومەتدا هەبێت. لەبەر ئەوە ئەگەر پارەی خزمەتگوزاریەکانی حکومەت لەلایەن کەسێکی دیکەوە درابێت نەك لەلایەن هاووڵاتیانەوە، ئەوا هاووڵاتیان بەرپرسیارێتیەکی زۆر ناگرنەئەستۆ لە ئاست ئەو کارانەی حکومەت دەیانکات و کەمتر رەخنەدەگرن و زیاتر هەڵوێستی گوێ پێ نەدانیان دەبێت. ئەو کاتە حکومەتێکی چالاکت دەبێت کە هاووڵاتیەکی چالاکت هەبێت، هاووڵاتی چالاکیش بەوە دەبێت باج بدات و بتوانێت چاوێکی رەخنەگرانەی هەبێت لەسەر ئەوەی حکومەت چۆن داهاتەکە خەرج دەکات.





## پرۆفیسۆر مایکل بیل بۆ گوڵان:

# حکومەت میکانیزمی کۆمەڵگەیە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی

**پرۆفیسۆر مایکل ئی بیل، ئوستادی سیاسەتی گشتیە لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن و بەڕێوەبەری سەنتەری هەوڵە بە کۆمەڵەکانە بۆ دیموکراتی لە حکومەتی لۆکاڵدا، هەروەها ئێستا یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە کار لەسەر بەهێزکردنی تواناکانی حکومەتی خۆبەڕێوەبەر لە دیموکراتیە تازەکانی ئەفریقیای باشور کاردەکات، بۆ قسەکردن لەسەر حکومەتی کارا و چۆنیەتی سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر مایکل ئەنجامدا، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ئایا ئەو پرەنسیپانە چین کە سیمای حکومڕانی باش دیاری دەکەن؟**

- بوونی هەڵبژاردنەکان گرنگن، بەڵام بەس نین، لەبەر ئەوەی لە سایەی یەکێتی سۆڤیەتدا هەڵبژاردن دەکرا، بەڵام ئەوە بە حکومڕانی باش لێکنەدەدرایەوە. پێموایە حکومڕانی باش هاووڵاتیان چالاکانە بەشداری پێدەکات، حکومڕانی باش بە مانای بوونی حکومەتێك دێت کە شەفافە، کە خەڵکی بزانن چی دەگوزەرێت و هەنگاو بنێن بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی گەندەڵی، حکومڕانی باش تەرکیز دەکاتە سەر پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خەڵك. کەواتە شەفافیەت گرنگە بۆ بەشداری هاووڵاتیان. هەروەها دەبێت کراوەبێت، بە مانای ئەوەی چالاکانە بەشداری بە هاووڵاتیان بکات، بۆ نموونە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین شتێك هەیە پێی دەوترێت «participatory budgeting »، واتە کاردانەوە و بیروبۆچوونی خەڵك وەردەگرن لەبارەی ئەوەی چۆن بەشێکی بودجەکە خەرج بکرێت. کەواتە حکومڕانی باش دەوەستێتەسەر پەیوەندیەکی بەهێزی سەرکەوتوو لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و ئەو خەڵکانەی خزمەتیان دەکەن. حکومەت میکانیزمی کۆمەڵگەیە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی، کەواتە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو کاربکات، و بۆ ئەوەی حکومڕانی باشت هەبێت، ئەوا دەبێت بەشداری بە هاووڵاتیان بکات.

*** لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەم لە قۆناخی بونیادی دیوکراتین و هەمیش لەدەسپێکی حکومڕانیدان کە ئومێد دەخوازن بەرەو حکومڕانی باش هەنگاو هەڵبگیرێت، ئایا پەیوەندی نێوان دیموکراسی و حکومڕانی باش چییە؟**

- ئێمە باسی دوو شتی جیاواز دەکەین، ئەتوانیت حکومەتێکی باش و کارات هەبێت، بێ ئەوەی دیموکراسی- بەو شێوەیەی لە جیهانی رۆژئاوا هەیە- لە ئارادابێت. حکومەت دەتوانێت کارەکانی رایببکات، بەوەی سەرکەوتووانە کێشەکان دەستنیشان بکات و پەرە بە چۆنیەتی بە دەمەوەچوونیان بدات و ئەو بەدەمەوەچوونەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاربهێنێت و سەرکەوتووانە پرۆژەی پەرەپێدان تەواو بکات. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حکومەت کارەکانی بە شێوەیەکی کارا راپەڕێنێت، بێ ئەوەی دیموکراسی لە ئارادابێت، ...ئەتوانیت ئەو کارە بکەیت بێ ئەوەی بە نامەرکەزیکردن«decentralization» لە ئارادابێت. بەڵام دەبێت کەسانی پیشەوەر لە حکومەتدابن، و گەندەڵی لە حکومەتدا نەبێت و خەڵکانێك هەبن تەرکیزیان لەسەر ئەنجامدانی ئەرکگەلێکی جیاواز بێت. ئەوە حکومڕانی باشە، لەو رووەوە دەتوانن ئەرك جێبەجێ بکەن کە بەرپرسیارێتی خۆیانە. بەلای منەوە حکومڕانی باش چەمکێکی بەرفراوانە و تەنیا بریتی نییە لە ئەنجامدانی پرۆژەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، حکومڕانی باش بوونی حکومەتێك لە خۆدەگرێت کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی خەڵك بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت حکومەت

چ پرۆژەیەك ئەنجام بدات، بـــەڵام حکومڕانی باش ئەوەیە بە چاوپۆشـــین لەوەی پرۆژەکان چین، ئەوا دەبێت کارایانە ئەنجام بدرێن.

*** چـــۆن حکومەتی چالاك پێناســـە بکەیـــن، کە توانای بەدەمەوەهاتنـــی داخوازیەکانـــی قۆناغی گەشـــەپێدانی هەبێت؟**

- ئـــەوە مایەی تەحەددیە... بەلای منەوە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە پشـــتیوانی کۆمەڵگە بکرێت بـــۆ هەر کارێك کە لە ســـەرەتاوە بیانەوێت ئەنجامی بدەن، کاتێك خەڵکت لەگەڵدا بوو، ئەوا پتر ئامادەی پشتیوانیکردن دەبن لە پرۆژەکە. من کارێکـــی زۆر دەکەم لە ئەفریقیا، من یارمەتی خەڵك نادەم کار لە بـــری خەڵکی ناکەم، من یارمەتـــی خەڵکی دەدەم خۆیـــان کاربکەن و دەبێت خەڵکـــی خۆیان پرۆژەکان دیاری بکەن و ئەو کاتە دەبێتە پرۆژەی خۆیان و حکومەتیش خۆی دەبێتە لایەنێك کە ئاسانکاری جێبەجێبوونی پرۆژەکە دەکات، ئەگەر خەڵکی قەناعەتیان پێی بوو، ئەوا پشتیوانی دەکەن، لە شـــوێنێکی وەك ئەفریقیای باشـــوردا بە پارە یارمەتی دەدەن، بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکە لە ڕێی دەستی کارەوە یارمەتیان دەدەن. بۆ نموونە لە بۆتســـوانا، کاتێك حکومەت دەیەوێت ڕێـــگا لە نێوان دوو جڤاتدا دروســـت بکات، ئەوا گرنگی دروســـتکردنی ڕێگاکەیان بۆ دەخاتەڕوو، ئەو کاتە خەڵکی تێدەگەن کە بوونی ڕێگایەك لە بەرژەوەندی ئەوانە، و لە ڕاستیدا خۆبەخشـــیان دەبێت کە یارمەتی تەواوکردنی بەشێکی ڕێگاکە دەدەن کە بە بەردەم خانووەکانیاندا تێدەپەڕێت. کەواتە مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە خەڵکی پشتیوانی پرۆژەکە بکەن و هەســـت بکەن پرۆژەکەی خۆیانە، ئەو کاتە خۆیان بە خاوەنی پرۆژەکە دەزانـــن و ئەو کاتە پتر ئامادەییان تێدا دەبێت بۆ پشتیوانیکردنی، لەڕێی پارەیەکی سنوردارەوە، یان شێوازەکانی دیکەی پشتیوانیکردنەوە.

*** وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی فاکتەرێکی گرنگە بۆ پرۆســـەی پەرەپێدان لەو وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوو، ئایا لە کوێوە پرۆســـەی پەرەپێدانی مرۆیی دەست پێدەکات و چۆن دەست پێبکرێت؟**

- گرنگترین مەسەلە کە حکومەتی نوێ لە قۆناغی ڕاگوزەریدا پێی هەڵبستێت ئەوەیە متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا بنیـــات بنێت، گەندەڵی ئـــەو متمانەیە لە ناو دەبات. من لە هەموو وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات کاردەکەم و چەند وڵاتێك کە پێشـــتر لە سایەی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون و هەندێ وڵاتی ئەفریقیای باشور، کاتێك قسە لەگەڵ خەڵکدا دەکەیت هەســـت دەکەن حکومەت لە ئارادایە و دابڕاوە لێیان، چونکە کاتێك دەســـەڵاتێکی مەرکەزی و خۆسەپێن لە ئارادا دەبێت، ئەوا دابڕاوە لێیـــان. بەڵام لە قۆناغی ئینتیقالیدا تۆ دەتەوێت خاوەندارێتی حکومەت بگریەدەست وەك میکانیزمێك بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان کە کاریگەری هەیە بەسەر ژیانی ڕۆژانەیانەوە، کەواتە پێکهاتەی یەکەم یان بناغـــەی حکومەتی نوێ لە قۆناغی ڕاگوزەریدا بریتییە لە بنیاتنانی متمانە لەگەڵ هاووڵاتیاندا، بەڵام بە زۆری ئەمە ڕوونادات، بە تایبەتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی.

*** تاچەنـــد بایەخدان بە بواری پـــەروەردە و خوێندن، دەبێتە فاکتەرێك بۆ پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی؟**

- ئەمـــە مەســـەلەیەکی زۆر گرنگـــە، ئەگـــەر دەتەوێت حکومەتێکت هەبێت بە باشـــی کارەکانـــی بەڕێوەببات، ئەوا پێویستت بە خەڵکانی پەروەردەکراو و پیشەوەر دەبێت، هەروەها دەبێت خەڵکێکـــی خوێندەوارت هەبێت بۆ بزواندنی ئابووری. بە پێی ئەزموونی خۆم، خەڵکی لەســـەر ئاستی جەماوەری، بەهایەکـــی زۆر بە پـــەروەردە دەدەن. من لەو کۆمەڵگەیانەدا کار دەکەم کە لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە فەرامۆشکراون و خۆیـــان هەنگاو هەڵدەگرن بۆ دروســـتکردنی قوتابخانەی خۆیـــان، لەبەر ئـــەوەی دەزانن تاکە ڕێگەی ســـەرکەوتنی ئـــەو کۆمەڵگەیانە، لەڕووی ئابـــووری و هەروەها لەڕووی حکومەتـــەوە ئەوەیە پەروەردەیەکـــی بەهێزیان هەبێت. کەواتە ئـــەوان پرۆژەی پـــەروەردەی خۆیان دەســـت پێدەکەن، بەڵام دەبێت لە گەندەڵی دووربکەونـــەوە. بەزۆری پەیوەندی نێوان حکومەتی مەرکـــەزی و حکومەتی مەحەلی لەســـەر ئەو خاڵە ئاڵۆزی تێدەکەوێت، کـــە حکومەتی مەرکەزی لەڕێی وەزارەتەکانەوە مامۆستا دادەمەزرێنێت و خزمەتگوزاری دابین بکات، هەروەها پێویستە تەرکیز بکرێتەسەر ئاست و کوالێتی ئەو خزمەتگوزاریـــەی دابینی دەکەیت، و ئیدارەش مرونەتی ئەوەی هەبێت کە بە شێوەیەك دابینیان بکەن گونجاوبن لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی لەسەر ئەرزی واقیع ڕووبەڕووی دەبنەوە و هەروەها ســـەرچاوەیان هەبێت کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت. بە زۆری وەزیری پەروەردە مامۆســـتا دادەمەزرێنێت و وەزیری بنیاتنانەوە کاری بنیاتنانەوە دەگرێتە ئەســـتۆ و بەو شێوەیە. واتە خەڵکی لە سەرچاوەی جیاوازەوە پارەیان بەدەست دەگات، بـــەڵام بەرهەمەکە بەرهەمێکی ســـەرکەوتوو نییە، لەبـــەر ئەوەی ئەوان هیچ بۆچوونێکیـــان نییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ســـەرچاوانەدا، ئایا پێویســـتە مامۆستای کەمتر دابمەزرێت، یان پێویســـتە قوتابخانەی زیاتر هەبێت و جۆری جیاوازی قوتابخانە هەبێت و لەبارەی ڕێگای جیاوازی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان، بۆچوونی من ئەوەیە خەڵکی لەســـەر ئاستەکانی خوارەوە بەشداری پێبکرێت، چونکە ئەوان دەزانن کێشـــەکانیان چین و تیرِوانینێکی باشـــتریان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بە شێوەیەکی هەرەوەزی، چونکە بە پرۆژەی خۆیانی دەزانن و ئامادەن بەشداری تێدابکەن، ئەمە ڕێگایەکە بۆ بەدەســـتهێنانی سەرچاوەکان، و ئامادە دەبن بۆ گەڕان بە دوای بەدیلدا بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە، بەڵام ڕەنگە حکومەتی مەرکەزی بڵێت ئەمە پلانێکە لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی قوتابخانەوە، ڕەنگە ئەمە لە شارەکاندا ســـەرکەوتوو بێت، بەڵام ڕەنگە لە ناوچە گوندنشـــینەکاندا ســـەرکەوتوو نەبێت، کەواتە دەبێت مرونەت هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی لەســـەر ئاستەکانی خوارەوە خۆیان ئەوە دیاری بکەن چی گونجاوە.

**حکومڕانی باش دەوەستێتەسەر پەیوەندیەکی بەهێزی سەرکەوتوو لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و ئەو خەڵکانەی خزمەتیان دەکەن**

**حکومڕانی باش چەمکێکی بەرفراوانە و تەنیا بریتی نییە لە ئەنجامدانی پرۆژەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، حکومڕانی باش بوونی حکومەتێک لە خۆدەگرێت کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی خەڵک بێت**

**گرنگترین مەسەلە کە حکومەتی نوێ لە قۆناغی ڕاگوزەریدا پێی هەڵبستێت ئەوەیە متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا بنیات بنێت، گەندەڵی ئەو متمانەیە لە ناو دەبات**

# راگەیاندن و ژیانی مۆدێرن

## تەلەفزیۆن بەهێزترین ئامرازی گۆڕانکاری، چی لێدەکەین؟



سەرۆ قادر

٣

تەلەفزیۆن، یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی ڕاگەیاندنە کە تێکەڵیی تەکنیکی لەگەڵ ئینتەرنێت هەیە، چونکە بەسەر سەرانسەری جیهاندا بڵاودەبێتەوە. گرینگییەکی دیکەی تەلەفزیۆن کاریگەری ڕاستەوخۆیەتی لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیان. تەلەفزیۆن هۆکارێکی ڕاگەیاندنە کە نەك تەنیا لە هەموو ماڵێك بەڵکو لە هەموو دوکانێك و هەموو شوێنێکی ئیشکردن و سەرەنجام کەوتۆتە سەر هەموو مۆبایلێکیش، دەتوانن کام تەلەفزیۆنتان بوێت لەسەر مۆبایلەکەتان هەتانبێت. ڕۆژنامەنووسی چالاك و کاریگەر لەگەڵ پیاسە کردن دەنگوباسی تەماشا کردووە و لە ڕێی تویتەرەوە بەشداربووە لە مناقەشەکردنی مەوزوعەکە. هەر بەڕێوە دەتوانێ هەواڵەکە بداتە هەندێك کەسی دیکەش، لێدوانی دەوێ ئاخۆ دەکرێ ڕەئی خۆتانم بدەنێ کە ئەم هەواڵە من وایتێدەگەم ئەی تۆ چۆنی تێدەگەی. هەر کەمێکی دیکە تەماشای دەکرد لەسەر مۆبایلەکەی وەڵامەکانی بۆ دەهاتەوە، هەر هەمان کەس کە لەگەڵ من پیاسەی دەکرد، وتی لە شوێنێك قاوە بخۆینەوە، مەجرای مناقەشەی لەگەڵ من- تا چووین دانیشتین- گۆڕا. ئەوە ڕۆژنامەنووسی سەردەمی خۆیەتی و تەنیا ئیعتمادی لەسەر زیرەکی خۆی نییە.

ڕۆژنامەنووس دەبێ هەندێك لە داهێنانی تێدابێت، چونکە دەکەوێتە زنجیرەی کۆتایی داهێنەرانی ناو کۆمەڵگا و ڕێژە هەرە کەمەکەی داهێنانی بەردەکەوێ. وەك ڕۆماننووسێك، شاعیرێك یان عالمێك نییە کە ئیبداعێکی گەورە یان دۆزینەوەیەکی گەورەی زانستی دەکات. ئەگەر ڕۆژنامەنووس تەواسوڵێکی بەردەوامی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی نەبێت و تەواسوڵی بەردەوامیش نەتیجەی پەیوەندییەکی یەکجار زۆرە، نەتیجەی کاری جەماعییە کە یەك کەس دەریدەبڕێ بەڵام بەرهەمی یەك کەس نییە.

لە تەلەفزیۆن ئێمە کەسەکان دەبینین، دەموچاویان دەخوێنینەوە. حەرەکاتی دەموچاو و دەست و قووەتی زمان، ڕووت لە کوێیە، قسە لەگەڵ کێ دەکەی، کام مەنتیقە، چەندت ئاگا لە گرفتەکانیانە، سەقافەتی ئەوێندەر دەزانی، سایکۆلۆژیای ئەوێندەرێ شارەزایە؟ دەبێ دیاری بکات دەیەوێ چ پەیامێك بگەیەنێ کار لە کوێ و چی بکات چ شتێك بگۆڕێ. چونکە موستەحیلە کاری ڕۆژنامەنووسی پەیوەندی بە گۆڕانەوە نەبێت. من کە ڕۆژنامەنووسم هەواڵێك دەنووسمەوە دەبێ بێلایەن بم، ئەمە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسییە، ئەخلاق بەمانای پەروەردە نا، ئەخلاق بە مانای بەهایەک کە

لە کۆمەڵگادا بڕیار دراوە پێویستە زانیاری بە بێلایەنی بگەیەندرێ. گەر بێلایەن نەبوو دەبێتە دیماگۆگی واتە فریودان. فریودان بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی. تەلەفزیۆن ئێستا کارێکی وا دەکات مەوزوعێك گەر بیەوێ بیگەیەنێتە خەڵك لە کاتی لێدانەوە و دەنگ و باس و ریکلام و ئینجا هەزار و یەك فەنی دیکە کە من دەتوانم وا لەتۆ بکەم ئەم مەوزوعەی کە پێتخۆش نییە گوێی لێ بگری. هونەرەکانی تر کە دێن لەگەڵ ڕاگەیاندن تێکەڵ دەبن هەموویان دەکەونە خزمەتی گەیاندنی ئەم مەوزوعەی کە زۆر تاڵە، ڕێك وەکو حەبێکی تاڵ کە بە شەربەتێك دەرخواردت بدەن . تەئسیرەکان ناکرێ لە یەك بوعدەوە تەماشا بکرێ، بۆ نموونە لە سۆڤیەتی کۆن، کە یەکێك لە دەوڵەتە بەقووەتەکانی هەڵگری لافیتەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو، خەراپترین ڕاگەیاندنی هەبوو و خراپترین شێوەی دەوڵەتی پێشکەش کرد.

تەلەفزیۆن زۆرترین کاریگەری لەسەر منداڵ دەبێت و لە تەمەنی یەك ساڵەوە بگرە کە لە جووڵەی وێنە دەگات تا دەگاتە هەژدە ساڵە داخلی گەنجی دەبێ ئەو کاریگەرییە لە قۆناغەکانی گەشەیدا دەنیشێت. تەبیعەتی بەشەر وایە ئەو روئیایەی کە لە منداڵی بۆی دروست دەکرێت تا لە ژیاندایە لەگەڵی دەمێنێتەوە.

یەکێك لە سڕەکانی کولتوور کە ئینسان دروست دەکات دێت روئیاکان لە منداڵییەوە بۆ دەخوڵقێنێ، مرۆڤ بەندی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا گەورە دەبێت، لەوێدا دەبێتە کاڵای ئەو ماکینە گەورەیەی کولتووری زاڵ بەرهەمی دێنێت. بۆ نموونە ئێمە بە چیرۆکەکانی دایك و باب گەورە بووین: ڕۆستەم چی بوو؟ کوڕەکانی کێ بوون؟ ئینجا چەمکە ترسناکەکانی دێو و تەلەسم و پاڵەوانە فریادڕەسەکان. بەوە گەورە بووین، بەڵام کوڕ و کچەکانمان کە گەنجن هیچ لەوە نازانن. ئێستاش جار جار لە فەیسبووك ئەو ڕەسمەی مەڕۆکە و بزنۆکە کە بزنەکە لەسەرەوەیە و گورگ سەری هێناوەتە دەرێ، دەیبینم شاگەشکەم دەکات. ئەوە وێنەیەکە لە قوتابخانە لەگەڵ چیرۆکێک خوێندوومە. لە مەکتەب دانیشتبووم کە دەمانخوێندەوە بە هەموو قەناعەتەوە باوەڕمان دەکرد ڕاستە؛ بزنۆکە بە قۆچ زگی گورگەکەی دڕاندووە و ئەو عەدالەتەی بۆ خۆی گەڕاندەوە و بێچووەکانی دەرباز کردن.

ئەو میللەتانەی کە ناتوانن بەرهەمی کولتووریان بۆ نەوەکانی خۆیان هەبێت، ئەوە لە کولتوورەکانی دیکەوە بۆیان دێت. ئێستا خەونی منداڵەکانی ئێمە ئەو کارتۆنانەیە کە بۆیان دێت. ئێمە خۆ کارتۆنمان نییە ،مەڕۆکە و بزنۆکە دروست ناکەین، نەك نیمانە هەندەش لێ نەخەفتاوین کە لە قۆناغی پیرێژنەکان و پیرەمێردەکانی نەخوێندەواری کۆنمان تێپەڕین. کۆمەڵگایەک بین رۆئیای کۆن و نوێی خۆی کۆدەکاتەوە و دەیکاتە فلیم یان کارتۆن یان بیکاتە هەر وەسیلەیەکی دیکە و بگاتە بە منداڵەکانیان. بە سەهوو نەچووم کە بڵێم کوڕ و کچەکانمان کە لێیان بپرسن روئیاتان چییە؟ روئیاکانیان ئەو کارتۆنانەن کە لە دەشت و شار و شاخەکانی ئەمریکا (کە ئێستا زاڵە) بەرهەم دەهێندرێن.

ئەو کارتۆنانە شەخسیەتەکانی دوای بیست ساڵی ئێمە دروست دەکەن. نامۆییەکە ئەوکات دەردەکەوێ. چونکە ئەو نەوە کاتێك کە بیر دەکاتەوە وەکو ئێمە بیرناکاتەوە! کاتێك دەیەوێ خۆی ئیسپات بکات وەك ئەندازیارێك، دکتۆرێك یان وەك ڕامبۆ و زۆرۆ و سوپەرمان دەیەوێ خۆی فەرز بکات؟! سوپەرمان و رامبۆ و زۆرۆ لە دەشتی هەولیر و شارەزوور نابێت، کەواتە جیلی دوای ئێمە توشی نامۆیی دەبێت و نامۆیی شەخسیەتی ئینسان لەت دەکات. ئەگەر نامۆیی لە کۆمەڵگا دروست بوو ئەوە تووشی شیزۆفرینیا دەبێت. تاکی نامۆ دەیەوێ شتێك لەخۆی نیشان بدات کە لە راستیدا ئەوە نییە، ریک وەکو هەر پیاوێك یان ژنێکی شیزۆفرینیك کە بۆ نیو سەعات تەحەمولی ناکرێ. ئەوە یەکێك لەو خەتەرانەیە کە لەوانەیە تووشی ببین.

من جاران کە فلیمی رامبۆم دەدیت دەمگووت خوایە ئەم ئەمەریکاییانە وەختێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن لەگەڵ سەرمایەکی زۆر، ئاخر ئەوە سەرناگرێ و مەعقول نییە بەشەر ئەوەندە بەقەوەت بێت. دوایی رامبۆمان بینی چۆن هاتن لە عێراق دابەزین و بینیمان چۆن سەدامیان دەرکرد و کابرای علوجیان ریسواکرد و دوایی چۆن سەدامیان لە کون دەرهێنا. رامبۆمان بینی چۆن سەرکردەی عەسکەری ئێمەیان لە کەرکووك گرت پێیان لەسەر مل دانا و هەردوو دەستیان بەست و پێیان گووت جارێکی دیکە نەیەوە کەرکووك هەتا ئێمە پیت نەڵێین! رامبۆ داخلی حەیاتی ئێمەش بووە.

ئێستا فیلم سازەکانی ئێمە کە فلیمی سینەمایی دروست دەکەن، فیلمەکانیان هەموو دیعایەیە بۆ ئەمەریکا. من دژی ئەمەریکا نیم، مەبەستم ئایدیۆلۆژی دژی رۆژاوا نییە، بەڵام بۆ ئەوەی فیلمەکانیانی تەماشا بکرێ دەبێ سوپەرمان و رامبۆی تێدا بێت، دەنا لە دەرەوە پەسند ناکرێ و تەماشاناکرێ. ئەمە هی چییە؟ هی کاریگەریی تەلەفزیۆنە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆن ئەوەیە کە مەجبورت دەکات زمانێکی بەهێزت هەبێت. لە ماڵێ

**یەکێک لە هۆکارەکانی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی بەجیهانی کردنی کۆمەڵگای بەشەردا ئەوەیە مونافەسەیەکی توند لەبەینی زمانەکاندا دروست دەکات. کە زمانی بەهێزت هەبوو کولتوورێکی بەهێزیشت دەبێت، کە کولتووری بەهێزت هەبوو داهێنەری گەورەشت دەبێت، ئینسانی هاوچەرخت دەبێت. ئەمە یەکێک لە سڕەکانیی تەئسیری تەلەفزیۆنە**

بەتەنێ بیت، لەناو سەیارە یان لەناو تەیارە یان ئێستا لەبەر مەڕیش بێت، دەتوانی لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە یەك مەوزوع تەماشا بکەی، جا ئەو تەلەفزیۆنە لەسەر مۆبایل بێت یان لەناو سەیارە بێت یان لەناو تەیارە بێت، کوێ دەڵێی دەکرێ هەموومان لە شوێنی جیاجیا یەك مەوزوعمان بینیبێ و بە یەك مەوزوعەوە مەشغوڵمان بکات. ئەو زانیارییانەی بۆت دێت، کە تەرجومەی دەکەی دەبێ زمانەکەت لە ئاستی ئەو زمانە بێت کە ئەم مەوزوعەی پێ باس دەکرێ ئەگینا مەوزوعەکە ناگات. تۆ کاتێك دەتوانی باش تێبگەیت کە زمانێکی باشت هەبێت. زمانی باش بە دوو سێ کەلیمەی باشی گوندەکەم چێ نابێ. دەبێ زمانی هاوچەرخ بێت، تەنیا زمانی ئاسۆیی (ئوفوقی) نەبێت. پاشی ئەوە ئەی زمانی داهێنانی ئەم تەکنۆلۆژیایە؟ ئەی زمانی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانەی کە ئەمرۆ ئێمە تێیدا دەژیەین چۆن دروست بکەین؟ لێرەدا مەجبور دەبین زمانەکەمان پێشبخەین. زمانێك ئەگەر پێشنەکەوت دوادەکەوێ، ئەو زمانەی کە دواکەوت نەوەی نوێ قسەی پێناکات و کە هاتە سەر بیرکردنەوە ئەوا بیری پێناکاتەوە.

یەکێك لە هۆکارەکانی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی بەجیهانی کردنی کۆمەڵگای بەشەردا ئەوەیە مونافەسەیەکی توند لەبەینی زمانەکاندا دروست دەکات. کە زمانی بەهێزت هەبوو کولتوورێکی بەهێزیشت دەبێت، کە کولتووری بەهێزت هەبوو داهێنەری گەورەشت دەبێت، ئینسانی هاوچەرخت دەبێت. ئەمە یەکێك لە سڕەکانیی تەئسیری تەلەفزیۆنە.

تەلەفزیۆن وایکرد کە ڕاگەیاندن لە دەزگای بچووکەوە ببێتە گروپ و هەموو ئامراز و شێوازەکانیان کۆببنەوە. لە بینایەتی گەورەدا نەك یەك تەلەفزیۆن ژمارەیەك تەلەفزیۆن عاید بە یەك گرووپن، ژمارەیەك ڕادیۆشی لەگەڵدایە، بەناووبانگترین ڕۆژنامەی وڵاتەکەشی لەوێندەرێیە، ژمارەیەکی زۆر پاشکۆی منداڵان و گەنجان و وەرزش و ئەوجۆرە شتانەی هەیە. ئەمە پێی دەگوترێ گرووپی ڕاگەیاندن. یەعنی ئیتر مەجال بۆ بەشەر ناهێڵێتەوە، هەر دەتگرێ و ناتوانی خۆتی لێ بشاریتەوە. یەعنی ئەگەر بەو تەلەفزیۆن نەبێت بە تەلەفزیۆنێکی دیکە، ئەگەر بەو بەرنامەیە نەبێت بەو هەموو بەرنامانەی دیکە کە هەیە، ئەگەر نا بە ڕادیۆ ئەگەر نا بە گۆڤار گەر نا بە ڕۆژنامە. جا ئەمە سیاسەت و ئابووری و مۆسیقا و هەڵپەرکێ و فاشیۆنی تێدایە.

ئەمە فەرهەنگی گشتی دروست دەکات، یەعنی



نۆعێك لە ڕۆشنبیریی کە وەکو مەکینە پاڵت پێوە دەنێت، ئەو بڕیاردەدات کە دەبێت ئەمساڵ ڕەنگی ڕەش مۆدێلی ساڵ بێت. کۆمەڵێك دیزاینەر دادەنیشن دەڵێن ڕەش جوانە جا خۆ لای تۆ ڕەش جوانیش نەبێت کە لەبەرت نەکرد ئەوە تۆ بە جوان تەماشا ناکرێی.

هەموو ئەو کەلوپەلی ڕاگەیاندنی کە باسم کرد تا دەگاتە ناوماڵ هیچ یەك لە ئێمە ئازاد نین کە چی و کامیان هەبێت، بەڵام ئازادین لە چوارچێوەی جەبرێکی دیاریکراودا هەندێ ئیختیارمان هەبێ. ئەمە وا دەکا ئاگاشت لێ نییە دەبێ فڵان کاڵا بکڕی.

ڕۆشنبیرییەکی فراوان لەسەر ئەم بوارە هەیە و توێژینەوەی بەردەوام دەکرێ و تۆڕێکی نێودەوڵەتی هەیە کە پێیان دەگوترێ داڕێژەرانی فکر، واتە ئەوانەی بیر دروست دەکەن. لەم ڕۆژگارەدا ناوەندە زانستییەکان کە زانکۆکان لە مەرکەزی پرۆسەکەدان ئەندێشەی زانستییانە بەڕێوەدەبەن. جاران کادیری

## سیاسەتمەداری باش ئەو کەسەیە کە لە پێویستییەکانی سەردەم بە کۆمەڵگای خۆی و جیهانەوە تێبگات، دەبێ عیلمیانە بیربکاتەوە. بۆ نموونە پێویستە تێبگات ئابووری وڵاتەکە چۆن ببووژێنێتەوە، دەتوانی زمانێکی دۆڵەمەندت هەبێت



حزبی و سەرکردەی سیاسی ئایدیۆلۆژیای دەهۆنیەوە. ئەوە بۆچوون و حەزی بیرمەندە توندڕەوەکان بوون کە کۆمەڵگایان ناچارەکرد وەک مۆدیلی ئەندێشەی ئەوان ڕێکبخرێتەوە. ئەو ئەندێشە سەپێندراوە پێیدەگوترا ئایدیۆلۆجیا. ئەم ڕۆژگارە بیرکردنەوە و توێژینەوەی زانستی ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگا کەشف دەکات و ئایدیا و حەزی سەرکردەکان جێی نابێتەوە.
لەو دیاردەیەدا سەمتی کۆمەڵایەتی لێکدی جیا و دژپێک هەنە. هەیە زۆر لایەنگری کۆنە، بەرامبەرەکەشی زۆر لایەنگری نوێیە، هەرهەمووشیان ڕاستن چونکە تەفاعولێکی نێودەوڵەتی هەیەو فرەیی لە کولتوور و خوگونجاندنەکانی ناوچە جیاوازەکان بە نەزەری هەند وەردەگیرێ. لەو زانیاریانەی دەیانخوێنیەوە خۆت دەبینیەوە لەکوێدا موافیقی لەکوێدا موخالیفی، بەڵام گرینگ ئەوەیە تۆ لەنێو پرۆسەکەدا دەبی.
لێرەدا هاووڵاتی سادە حەقی خۆیەتی بڵێت سیاسەتمەداری باش ئەو کەسەیە کە لە پێویستییەکانی سەردەم بە کۆمەڵگای خۆی و جیهانەوە تێبگات، دەبێ عیلمیانە بیربکاتەوە. بۆ نموونە پێویستە تێبگات ئابووریی وڵاتەکە چۆن ببووژێنێتەوە، دەتوانی زمانێکی دەوڵەمەندت هەبێت، دەتوانی دیموکراسی چۆن وەکو جل و بەرگ بەقەد فەرهەنگی وڵاتەکەت ببڕی؟ چۆن دەتوانی قیادەی کۆمەڵگایەك بکەی کە ٩٠ ساڵ لەشەڕدا بووە، ٣٠ ساڵی ئەخیر لەبەر ئەنفال کراندابووە، کە گوندی نەماوە ئینسان لەو کۆمەڵگایە شوێنراوە، ئەرێ چۆن دەیبوژێنیەوە؟ هەر بە قسە؟ ئەوەیان قۆناغی تەواو بوو، دەبێت ئێستا پەنا بۆ تەکنۆلۆژیا و زانین و دەوڵەت بەڕێوەبردنی هاوچەرخ ببەین، ئەمە لە کوێیە ؟ ئەمە لە لای ئایدیۆلۆگی هیچ حزبێك نییە بەڵکو لە ناوەندەکانی عیلمی دا هەیە.
تەلەفزیۆن ئەو ئامڕازە کۆمەڵایەتییەیە زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەڕەخسێنێ.

**من کە ڕۆژنامەنووسم هەواڵێک دەنووسمەوە دەبێ بێلایەن بم، ئەمە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسییە، ئەخلاق بەمانای پەروەردە نا، ئەخلاق بە مانای بەهایەک کە لە کۆمەڵگادا بڕیار دراوە پێویستە زانیاری بە بێلایەنی بگەیەندرێ. گەر بێلایەن نەبوو دەبێتە دیماگۆگی واتە فریودان**

# پێکهێنانی زمانێک بۆ دیالۆگ لە نێوان ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدار



نەوزاد جەمال*
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕەنگە زێدەڕۆیی و دەربڕینێکی شاعیرانە بێ؛ <ڕۆشنبیریی هۆشیارو جددی و دڵســـۆزو بەهەڵوێست، ویژدانی زیندووی کۆمەڵگەکانـــن>. بەڵام ئەم وتەیە لە چاوەڕوانی هەڵســـان بەئەرکی راســـت و دروستی ئەو توێژەوەیە لە هەمبەر کێشەو پرسیارەکانی مرۆڤ لەهەموو ســـەردەم و کۆمەڵگەیەکدا. بەدیوێکی تردا ڕۆشـــنبیری و رووناکبیر، لە دیدی خۆیداو جیاوازە لە چاوەڕوانیەکانی خەڵکی بەرامبەری. هەر ئەمەش دەبێتەی زەمینەی دروستکردنی گلەیی و رەخنە لەیەکتری. جگەلەوەی پێگەی رووناکبیر لەچاوی بەرپرس و ســـەرکردە سیاسیەکانیشدا مۆلەقە.

### گلەییەکی دووبارە کۆن

رۆشنبیرەکان، بەتایبەت ئەوانەی لەخۆیان رادەبینن، دەسەڵات بیروڕاکانیان بەهەند وەرگیرێ و گوێیان لێبگرێ. هەمیشـــە گلەیی دەکەن کە سیاســـییەکان پرس و راوێژیان پێناکەن و حساب بۆ قسەکانیان ناکەن!

وەکیتریش بەرپرس و سیاســـیەکان، کـــەم تا زۆر گلەیی و رەخنەیان لە رۆشـــنبیرو نووســـەرەکانە کە لە ســـەنگەری دژایەتیەوە یا خۆهەڵواســـینەوە بەدامێن بەرپرسەکانەوە رەفتار دەکەن. زۆرێ لەبەرپرســـەکان لەناخـــدا ناهومێدن لەرۆڵی رووناکبیرو ئەکادیمی و خوێندەوارەکانی کوردستان. بەهەمان هەناسەیش، رووناکبیرەکان بێهیوان لەوان.

دیارە ئەم پێوەندییە ناکۆک و ناجوورە، هێندەی کەڵەکەبووی ســـەردەمێکە کە چەوســـانەوەی هزرو قەڵـــەم هیچ بەهاو نرخێکی بۆ نووسەران نەهێشتبۆوە، ئەنجامی شەڕی ناوخۆو دابەشـــبوونی جوگرافیای سیاسی ڕۆشـــنبیرییەکانە بەسەر دوولایەنی شەڕدا، وابەستەبوونی ژیان و گوزەرانی نووسەران و رۆشـــنبیرە بـــەو دوولایەنەوە. جگە لەوەی سیاســـییەکان قەڵەمەکانیان وەک ئامڕازێکی دیکەی شـــەڕ بەکارهێناو هەندێ نووسەرو رۆشنبیر جەنگی بە وەکالەتیان ئەنجامدا.

لەو سۆنگە چاوەڕوانیەوە سیاسییەکان قسەی خۆیان لەبارەی رۆشـــنبیرەکانەوە هەیە، بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەی حزبە سیاسییەکانن و بەرهەڵستکارو رەخنەگرن. ئیدی لەنێو سیاســـییەکاندا بە جۆرێ باوە کە نووســـەرگەلێ دانی خێر بەکارەکانیانـــدا نانێن، ســـتایش یا بە لانی کەمەوە باســـی باشـــەکانیانیش ناکەن. گوایا یادەوەری نووسەرەکان لەسەر خراپەو لایەنە نەگێتیڤەکانیان وەستاوەو بەوجۆرە کەسێتیەکی پاڵەوان ئاســـا بۆخۆیان دروستدەکەن. ئەم گلەیی و گازندانە لەچاوەڕوانی و لێکحاڵی نەبوونەوە ســـەرچاوەی گرتووە کە دووانەیەکی ناسازیان لەژیانی کۆمەڵگەدا دروستکردووە.

### رۆشنبیر و دەسەڵات دووانەیەکی نەگونجاو

لەمێژەوە وتراوە <قەڵەم و شمشـــێر> لەململانێی بەردەوامدان و دانوویان پێکەوە ناکوڵێ. هەمیشـــە شمشێر دەخوازێ ملی قەڵەمەکان ببڕێ، قەڵەمەکانیش دەیانەوێ شمشێر بەدەستەکان بسڕنەوە! قەڵەم لای هەندێك رۆڵی شمشێرە لەجەنگان بەڕووی دەسەڵاتە ستەمکارەکاندا. وەلێ دەرباریش میکانیزمی خۆی بۆ قەلاچۆکردنی بزۆزی و چالاکی رۆشـــنبیران هەیە لە: بێدەنگکـــردن، کڕین، فریودان و نزیکخســـتنەوە لە ئامێزی دەربار. بەدیوێکی تردا، کاربەدەستان و ڕۆشنبیران نواڕینێکی

تاکرەهەندیانەیان بۆیەکتر هەیە: دەسەڵات هەست و ئاگای بۆتە گوێیەکی گەورە کە تەنیا رەخنە زبرەکان دەبیستیٚ. رۆشنبیریش تەنیا بەوجۆرە دەنووسێت لەسەر دەسەڵات کە ئەوەی خێرا بەرگوێی دەکەویٚ، نەک ئەوەی <خۆ-کردانە> گوێی لێدەگرێت.
بۆیە هەردوولا چاوەڕوانی زێدەیان لەیەکتری هەیە. ئیدی نەبوونی زمانێکی هاوبەش، تێنەگەیشتن و نەبوونی متمانە لە بەرامبەر یەکتریدا دروست کردووە. بێگومان دۆزینەوەی زمانی هاوبەشی تێگەیشتن فۆرمولێک- هاوکێشەیەکی نەگۆڕی ماتماتیکی نییە، بەڵکو پێویستە کەناڵێکی پێوەندی هەبیٚ کە زمانی هەردوولا لێک نزیکبخاتەوەو بتوانێت پەیامی ئەو دوو دنیایە پێک بگەیەنێت، بەڵام پاش ئەوەی کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی روون بکرێتەوە:

- مەرجە هەرچی رووناکبیرو نووسەر وتی، ببێتە سیاسەتی دەسەڵات یا لایەنێک؟
- چەندە ئەو چاوەڕوانیەی نووسەرو رووناکبیران کە سەرکردەو سیاسی و بەرپرسەکان پیشوازییان لیٚ بکەن، گونجاوە؟
- ئایا کارو ئەرکی ئەوان، ئامادەبوونە لەسەرمێزو ئۆفیسی بەرپرسەکان؟
- ئایا نووسەرو رووناکبیران دەبیٚ بە ویست و حەزی سیاسەتمەدارەکان بجووڵێنەوە؟
- ئایا ئەگەر رەخنە لەسیاسەتمەدارەکان گیرا، ئیتر نووسەرەکان بخرێنە خانەی خیانەت و نەیارەوە؟
- ئایا دەکریٚ سیاسییەکان بەچاوی کەمەوە مامەڵە لەگەڵ رووناکبیرەکان بکەن لەبەرئەوەی وەک خۆیان بیرناکەنەوە؟

## رۆشنبیر کێیەو رۆڵی چییە؟

رۆشنبیر> هەڵوێستکی هزرییەو لەبری جەماوەر پرسیار دەوروژێنیٚ، <ئیدوارد سەعید>. ئەو پێی وایە رۆشنبیر هەیتیٚ لەدەرەوەی کۆمەڵگەو هەیتیٚ لەناو کۆمەڵگەدابیٚ بەومانایەی کە بیر لەگرفتەکانی بکاتەوە، بێئەوەی تاکێتی و سەربەخۆیی لەبیر بکات و نەکەوێتەژێر هەژموونی بیروباوەڕی کۆمەڵگەوە. لەدەرەوەبوونی، هەمیشە کارئاسانی رەخنەو هەڵوێست نواندنی بۆ دەکات. بە پێویستی نازانم چوارچێوە بۆ رۆشنبیر بکێشین و رۆڵی لەڕێی کۆمەڵێک پێناسەوە دەستنیشان بکەین. دەکریٚ بەرەخنەو گلەیی و گومان و نیگەرانیەکانی، هزرو تێگەیشتنی خەڵکی و بەرپرسەکان ببزوێنێت. پرسیار لەو گرفت و کێشانەی سیاسەت و کۆمەڵگە بەدەستییەوە گیرۆدەیە بەرهەم بهێنێت.
ئەو مرۆڤە بیرکەرەوەو خەمخۆرەیە کە دەروەستی پرسیارو کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگەکەیەتی لە بواری رۆشنبیری و چالاکی هەمەجۆردا. دەکریٚ زۆرێکمان کەم تا زۆر رۆشنبیرو ئاگاییمان سەبارەت بە رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەکەمان هەبیٚ, بەڵام هەموومان ناتوانین رۆڵی رۆشنبیرێکی کاراو چالاك بگێڕین. رۆشنبیری چالاك تەنیا لە ڕێی وشیارکردنەوەو بڵاوکردنەوەی هزری نویٚ کارناکات بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی, بەڵکو چالاکی مەیدانی و پێشەنگایەتی دەبینیٚ لەتەك چینەکانی تردا. ئەو کەسێکی بەسوودە نەك تەنیا لەڕێی نووسین و بیرکردنەوە لەباشترین, بەڵکو هاوشان و هاوکارە لەگەل چینەکان و توێژی لاوان و قوتابیان لەمەر پرۆسەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی بەبیرکردنەوەو بەکردەوە.

گرفتەکانی رووناکبیرانی ئێمە

بەشێك لە گرفتەکانی رۆشنبیرانی ئێمە هەر ئەوە نییە بێلایەن و بەهەڵوێست و راستگۆن لەرەخنەکاری و قسەکردن لەسەر گرفتەکان، یان پاڵیانداوە بە پەساری دەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسی و حزبیەوە، بەڵکو نەتوانین لە دروستکردنی پرسیارو ئاراستەکردنی تێگەیشتنی کاربەدەستانە لەکارو هاوکات پوخت کردنەوەی ئاگامەندی هاووڵاتیانە. دیارە پراکتیزەکردنی رەخنە لەفۆرمی توڕەیی، گلەیی، بێهیوایی و یەکسانکردنەوەی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بە رێژەی سفر، بۆخۆی خۆدوورخستنەوەو کەنارگیربوونە لەوەی کەدەبیٚ چۆن و بەچی رەوشەکە چاکبکریٚ.
گرفتێکی تر ئەوەیە لە پێگەو شوێنی بەرپرسیاریەتیەوە نادوێت. واتە کە رەخنەدەگریٚ خەریکی هەڵتەکاندنی ئەوەی کە هەیە بێگوێدانە ئەنجامەکانی. چونکی خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لەوەی کە هەیە. راستە ئەو بەرپرسی راستەوخۆ نییە لەو کێشانەی هەن، بەڵام بەئەرکیی رەوشتی هەڵدەستن لەو حاڵەتەدا. <مەسعود محەمەد> وتەنی.
بۆیە دەبیٚ رۆشنبیر رۆڵی چاوساغ و رێنماییکەر و ئاراستەکەر بگێڕێت و خۆشی وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی دابنێت, بەڵام بە تەنیا ناتوانێت ئەرکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەستبەربکات. گۆڕانێکی ریشەیی و سەرتاسەریی، پێویستی بەگشت هێزەکۆمەڵایەتیەکانی نێو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگایە. گۆڕانی بنەڕەتی، بیٚ هەماهەنگی و هاوکاری چینە بەرز و نزمەکانی کۆمەڵگە ناکرێت. بەتایبەت کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا رۆشنبیر نەبۆتە چینێکی تەواو سەربەخۆ لەکۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا, بەڵکو توێژاڵێکی تەنکی چینی خوێندەوارە. هەربۆیە توێژێکی دەستەبژێرو کەمینەیە.
لەکاتێکدا خەون و خواستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە خەون و خواستێکی رۆشنبیریانەو دەستەبژێرانە بووە، نەک رەوشێکی گشتی و خواستێکی کۆمەڵایەتی. بۆیە رۆشنبیران بە تەنیا نەیانتوانیوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکەن. مێژووی «سەدساڵە»ی رۆشنبیریی کورد شاهیدە کە رۆشنبیرو رووناکبیری گەورە سەرکەوتوو نەبوون لەپرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی رۆشنبیریی, لەکاتێکدا خاوەنی بیری پێشکەوتنخوازانەو گۆڕانکاریخوازیش بوون. لەبەرئەوەی هێزە کۆمەڵایەتی و چینەکانی تری کۆمەڵگە بە دووربوون لە خواست و زەڕورەتی پێشکەوتنی کەلتوری وەك بەشێك لە گەشەی شارستانی و کەلتوری. دەسەڵاتیش رێگرو کۆسپگێڕ بووە. گەورەترین و گرنگترین کار ئێستا رۆشنبیرو رووناکبیری ئێمە بیکات: پرسیار بەرهەمهێنانە لەو بابەتانەی کە لای زۆربەمان پرسیار هەڵنەگرن، بەڕوویاندا کەڕولاڵین. بەڵام ئەمەش پێویستی بە زمانێکە کە بتوانێت دیالۆگ دروست بکات و پرسەکان بکاتە رووداو و خەمی گشتی، نەک وەك نووزەی بریندارێك یا ناڵەی ویژدانێك بتەقێتەوە.

***

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی- زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر**

**مێژووی «سەدساڵە»ی رۆشنبیریی کورد شاهیدە کە رۆشنبیرو رووناکبیری گەورە سەرکەوتوو نەبوون لەپرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی رۆشنبیریی, لەکاتێکدا خاوەنی بیری پێشکەوتنخوازانەو گۆڕانکاریخوازیش بوون**

**دۆزینەوەی زمانی هاوبەشی تێگەیشتن، فۆرمولێک- هاوکێشەیەکی نەگۆڕی ماتماتیکی نییە، بەڵکو پێویستە کەناڵێکی پێوەندی هەبیٚ کە زمانی هەردوولا لێک نزیک بخاتەوەو بتوانێت پەیامی ئەو دوو دنیایە پێک بگەیەنێت**



# ئەگەر مەترسیەکان بۆسەر پێکهاتەکانی عێراق هاوبەش بێت
# ئەوا دەبێت حکومڕانیش شەراکەت بێت



تێكچوونی باری سەقامگیری ئەمنی لە شارەكانی عێراقدا بۆتە هەڕەشە لەسەر ئاییندەی ئەم وڵاتە و، تەواوی كارە حكومی و خزمەتگوزارییەكانی لەبەغدا و شارەكانی دیكە هەڵگرتووە، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی نەتەوەیەكگرتووەكانیش سەبارەت بە ئاییندەی ئەم وڵاتە نیگەران بێت، ئەوەشی هێندەی دیكە ئەم بارودۆخەی ئاڵۆز كردووە كێشەو ئاڵۆزییەكانی ناو پرۆسەی سیاسییە كە لایەنەكانی پەرتكردووە و بۆتە هۆكاری ئەوەی نەتوانرێت لەسەر بنەمایەكی هاوبەش رێوشوێنی پێویست بۆ ئەم رووبەڕووبوونەوەی مەترسی تیرۆر بگیرێتەبەر، هەندێك لە لایەنەكانی دەسەڵات بە تایبەتی لیستی دەوڵەتی یاسا لە كاردانەوەیان سەبارەت بەم كارە تیرۆریستیانە و دەستەوەستانبوونیان لەسەر ئەوەی سنوورێكی بۆ دابنرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ئەم كارانە مەترسیەكی هاوبەشە بۆسەر هەموو پێكهاتەكانی عێراق و تیرۆریستیان هیچ لایەك ناپارێزن، ئەم قسەیە لەوانەیە لەلایەكەوە بۆ مەترسی تیرۆر و تیرۆریستان راست بێت، بەڵام بۆ چۆنییەتی رووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیەی كە بۆتە مەترسی بۆ هەموو لایەك راست نییە، لەبەر ئەوەی هۆكاری سەرەكی بۆ دروست بوونی بۆشایی ئاسایش و دروستبوونی ناسەقامگیری و كوشتاری رۆژانەی هاووڵاتیان، دەرهاویشتەی ئەو رەوشە ناسەقامگیرە سیاسیەیە كە ئێستا پرۆسەی سیاسی عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەم رەوشە هێندەی بە هەنگاوی ئەقلانی سیاسیانە چارەسەر دەكرێت، هێندە بەكاردانەوەی سەربازی یان هێزەكانی ئاسایش چارەسەر ناكرێت، هەر ئەمەشە وایكردووە كە تیرۆریستان سوود لەو كەشە ئاڵۆزە وەربگرن و رۆژانە بەدەیان كاری تیرۆریستی لەشارەكانی عێراق ئەنجامبدەن و بەدەیان هاووڵاتی بێ تاوانیش ببنە قوربانی ئەم رەوشە ئاڵۆزە، بۆیە لەم لایەنەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر مەترسی تیرۆر مەترسیەكی هاوبەش بێت بۆ هەموو پێكهاتەكان، ئەوا بەپێی دەستوری عێراق و ئەو رێككەوتنەی حكومەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە، ئەوا دەبێت بنەمای حكومڕانیش شەراكەتی نێوان پێكهاتە سەرەكیەكانی عێراق بێت و ناكرێت یەك پێكهاتە یان لایەنێكی سیاسی بەتەنیا قۆرخی حكومڕانی بكات و چاوەڕێی ئەوەش بكات پێكهاتەكانی دیكە وەك پێویست هاوكاری بكەن، بۆیە كاری تیرۆریستی چەند مەترسی ترسناك لەسەر ئاییندەی عێراق دروست دەكات، بەهەمان شێوە كاردانەوەی نالۆژیكی و پشتكردنە پرۆسەی شەراكەت لە حكومڕانی ئاكامی ترسناكتر دروست دەكات.

**هۆكاری سەرەكی بۆ دروست بوونی بۆشایی ئاسایش و دروستبوونی ناسەقامگیری و كوشتاری رۆژانەی هاووڵاتیان، دەرهاویشتەی ئەو رەوشە ناسەقامگیرە سیاسیەیە كە ئێستا پرۆسەی سیاسی عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت**



عەبدولمەهدی خەفاجی بۆ گوڵان:

# ناکۆکیی سیاسی نێوان لایەنەکان هۆی سەرەکیی پشێوی و تێکچوونی بارودۆخی ئەمنییە لە عێراقدا

## نەبوونی هاوسەنگی لەهێزەکانی ئاسایش و سوپا هۆکارێکی دیکەی ئەو ناسەقامگیریەیە

ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی ئاسایش و سوپا نەتوانن سنوورێك بۆ کارە تیرۆریستیەکان دابنێن، دیسان ئەو بارە ئاڵۆزەی پرۆسەی سیاسیە کە دامەزراوەی هێزەکانی سوپا و ئاسایشی لە دامەزراوەیەکی پیشەگەرەوە گۆڕیووە بۆ دامەزراوەی پاراستنی لایەنێکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی ئەم هێزەش هەموو کات وەفاداری بۆ ئەو لایەنە هەبێت، ئەوا پێکهاتەی ئەم هێزە بە خەڵکانێك پڕکراوەتەوە کە ناتوانن لەڕووی پیشەییەوە کارەکانی خۆیان بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدەن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پەرلەمانتار کازم شەممەری کرد کە وتەبێژی کوتلەی وەتەنی بەیزایە لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی دەربڕی: (لەراستیدا هۆکاری زۆر لەپشت تێکچوونی رەوشی ئەمنییەوە هەیە، بەڵام زیاتر پەیوەستە بەو لایەنانەی کە دۆسیێی ئەمنیان بەدەستە واتا سەرکردەو بەرپرسە ئەمنییەکان و ئەوانەیشی کە لە پشتیانەوەن، چونکە لە ماوەی دە ساڵ نەتوانرێت کۆنترۆڵی ئەم بارودۆخە بکرێت و تیرۆریستانی قاعیدەش هەر کاتێك حەزیان لێ بێت دەتوانن تەقینەوە ئەنجام بدەن، ئەوان بە میزاجی خۆیان کات و شوێنی تەقینەوەکە دەستنیشان دەکەن بێئەوەی هیچ جارێك رووبەڕووی دەسەڵات و هێزە ئەمنییەکان ببنەوە، بۆیە من پێموایە سەرکردە ئەمنییەکان ئێستا بوونەتە بازرگان و هیچ هەستێکی بەرپرسیارێتیی پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیانیان لا نییە، ئەمرۆ کامە بەرپرسە ئەمنییەکان دەگریت دەبینی خاوەن باڵاخانەو شوقەو خانووبەرەی رازاوەن چ لە شارەکانی عێراق، تەنانەت لەدەرەوەی عێراقیش، بۆیە ناوبەناو بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش روو لە دەرەوە دەکەن، چونکە ئەوانە زۆربەیان خێزانەکانیان لە وڵاتانی دەرەوەیەو تەنانەت هەموو نهێنییەکانی ئەمنی ئەو وڵاتەش لای ئەوانە کە راستەوخۆ دەگاتە لایەنی دیکەش لە دەرەوە، بۆیە ئەوەی عێراق پێوەی دەناڵێنێ نەبوونی سەرکردەو بەرپرسی ئەمنی پیشەگەرە واتا ئەو بەرپرسە ئەمنییانە بوونەتە بازرگان و ئاگایان لە ئەرکی راستەقینەی خۆیان نەماوە، هەتا دێن باس لە سیاسەت دەکەن و ئاماژە بۆ فلان لایەن یان فلانە کوتلە دەکەن، ئەوجا ئەم پەتایە دامودەزگاکانی دیکەشی گرتۆتەوە، لە دامودەزگاکانی دیکەی ئیداریی عێراقیش کە پێویستمان بە کادیری دڵسۆز و بە تواناو نیشتمانپەروەر هەیە، لە هەمان کاتدا هیچ دەستپێشخەرییەك نابینین بۆ چاککردنی بارودۆخی ئەمنی تەنانەت نە مرۆڤی بە توانا دێنن و هیچ هەنگاوێکیش نەنراوە بە ئاراستەی نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و راوەرووت و دزی و ساختەکاری، بۆ نموونە دەبینین سەربازێکی پایەبەرز کە رەنگە پلەکەی عەمید یان فەرماندەی تیپ بێت و ئەگەر بە شەقامدا بڕوات رەنگە رۆژانە دە تاوان زیاتر ببینێت، بەڵام دێت پشت بە هەواڵدەری نهێنی دەبەستێ بۆ دەرخستنی تاوانەکان، دیارە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەش بە هەنگاو دەبێت بەر لە هەموو شتێك دانانی چاودێر بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات لە بارودۆخەکەو بزانێت چۆن بەڕێوەدەچێت نەك تۆ بێیت شەقام پڕ لە سەرباز بکەیت گوایە بۆ چاودێریکردنی باری ئەمنییە، هەروەها هێنانی ئامێری پێشکەوتوو و تەکنیکی تازەی ئەم بوارە، دواتر پشت بەستن بە کادیری نهێنی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و خاوەن ویژدان بۆ دەستنیشانکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکان، نەك هێنانی هەندێ کەس کە تەنیا بۆ تۆڵە سەندنەوەو پارە پەیداکردن ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن، کردنەوەی خوول بۆ کارمەندانی ئەمنی تاکو بتوانن بە زووترین کات تاوانەکان کەشف بکەن، چونکە تا ئێستا لای ئێمە ئەو کارە ئەنجام نەدراوە و هەموو تاوانێك بەر لە ئاشکراکردنی روویداوە، ئێستا وایلێهاتووە کە پۆلیس و ئەمن تەنیا جەنازەو بریندارەکان دەگەیەننە نەخۆشخانەو دادپزیشکی..))

## کەم ئەزموونی سەرکردە سیاسییەکان و رەوشی ناسەقامگیری سیاسی

ئەگەر هۆکاری کارە تیرۆریستیەکان و ناسەقامگیری ئاسایش هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هێزەکانی ئاسایش پیشەگەر نین، ئەوا بەهەمان ئاراستە دەکرێت بڵێین هۆکاری ناسەقامگیری سیاسی کەم ئەزموونی سەرکردە سیاسییەکانی عێراقە کە ناتوانن بە شێوازی دیموکراتیانە و لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکان چارەسەر بکەن و پرۆسەی سیاسیی بخەنە سەر سکەی خۆی، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت کۆمپرۆمایز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزرێتەوە، لەمبارەوە پەرلەمانتار عەبدولمەهدی خەفاجی لە لیستی دەوڵەتی یاسا هۆکاری ناسەقامگیری سیاسیی بە یەکێك لە فاکتەرەکانی ناسەقامگیری ئاسایش لەقەڵەمداو هۆکاری ناسەقامگیری سیاسیشی بۆ کەم ئەزموونی سەرکردە سیاسییەکان گێڕایەوە، لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستای ناسەقامگیری ئاسایش و سیاسی لە عێراقدا، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (لە هەموو وڵاتاندا جیاوازیی بیروڕای سیاسیی هەیە، بەڵام رێکدەکەون لەسەر ئاوەدانکردنەوە و بیناکردن، بەڵام لە وڵاتی ئێمە لەبەر ئەوەی سەرکردەو بەرپرسەکان تازەن و شارەزاییان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا نییە، بۆیە رەوشەکە بەم خاڵە گەیشتووە، چونکە هەموومان دەزانین کە تیرۆر کەس ناناسێ هەموو لایەك دووچاری دەبنەوە، دوای ئەوەی کە بۆ چەندین ساڵ خوێنی هاووڵاتیان دەڕژێت ئینجا دێن بیر لە رێکەوتن

دەکەنـــەوەو واقیعەکەیان بۆ ڕووندەبێتەوە، چونکە هەندێکیان پێیانوایە سەرکەوتوون، بەڵام دواتر دەزانن کە گشت لایەنەکان لەم پرۆســـەیەدا زەرەرمەنـــدن، ئینجا دێن لـــە نێوخۆیاندا ڕێکدەکەون نموونەشمان بۆ ئەوە زۆرە وەکو لوبنان کە چەندین ساڵ لەناکۆکی و شەڕ و کێشەدا دەژیا. هەر بۆیە من پێموایە ناکۆکیی سیاسی نێوان لایەنەکان هۆی سەرەکیی پشێوی و تێکچوونی بارودۆخی ئەمنییە لە عێراقدا، ئەمڕۆ ئەو نەیارە سیاسییانەی عێراق تەنیا بەرژەوەندی و دەستکەوتی خۆیان لا مەبەســـتە، بۆیە ئەو ناکۆکییە سیاسییانە ڕەنگە لەلایەن ڕێکخراو و تاقمە تیرۆریســـتیەکانەوە بە دەرفەت بزانرێت و بقۆزرێتـــەوە تا تاوانی تێدا ئەنجام بدەن، بۆیە ئەمە کۆتایی نایەت ئەگەر ئەو لایەنە سیاسییانە لەسەر یەك پەیڕەو ڕێك نەکـــەون. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەیە پتەویی بەرەی ناوخۆ پشـــتی تیرۆر دەشکێنێ، زۆر لە وڵاتان لە ناوخۆدا تووشی تیرۆر دەبن، بەڵام لەبـــەر ئەوەی بەرەی ناوخۆیان بە هێز و پتـــەوە توانیویانە کۆنترۆڵی وڵاتەکانیان بکەن، بەڵام ئەگەر ناتەبا بوون لە ناوەوەو خەریکی کێشـــە لابەلاکانیان بن، ئەوا تیرۆر زەفەریان پێ دەبات.))

ئـــەم بۆچوونـــەی خەفاجـــی ســـەبارەت بـــە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و تیرۆریســـتان لەڕووی تیۆرییەوە بۆچوونێکـــی لۆژیکانەیـــە و تەنیا ئـــەم ڕێگەیە دەتوانێت چارەسەری کێشەی تیرۆر بکات، کە ئەویش ڕێکخستنەوەی پرۆسە سیاسییەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان و پیادەکردنی حکومڕانییە لەعێراقدا لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە، بەڵام پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم قســـەیە لە پراکتیکدا بەوجۆرە جێبەجێ دەکرێت؟ ئەگەر ئەم بۆچوونە هەموولایەك بەڕاستی دەزانن، بۆچی نەتوانرا لەماوەی ٤ ساڵدا بۆشایی ئەو پۆســـتە وەزاریانە پەیوەندیان بەلایەنی سوپا و ئاسایشی وڵاتەوە هەیـــە پڕبکرێتەوە؟ کازم شـــەممەری لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و ســـەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و گوتی: (دیارە جێبەجێنەکردنی پرانســـیپی شەراکەت هۆی ســـەرەکییە، بۆیە دەبینین لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا پۆســـتەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و موخابەرات هەموویان نەدراوە بەکەس تەنیا لەدەست یەکێکدایە، بۆیە هاوبەشیی لە پاراستنی ئەمنی زۆر پێویستە وەك چۆن تیرۆر جیاوازی لە نێوان کوردو عەرەب وشـــیعە یان سوننە ناکات و زیان بە هەمووان دەگەیەنێت، بۆیە ئەم دۆســـێیەش وا پێویســـت دەکات کە بە هاوبەشی بەڕێوەبچێت، لەبەرئەوە ئەگەر هەر شـــتێك ڕوویدات لە دزەکردنی تیرۆریســـتان یان هەر کردەوەیەکی تاوان و تەقینەوە کێ لێی بەرپرسە؟ وابزانم وەڵامەکە ڕوونە کە ئەوەی دەزگای ئەمنی بەدەســـتەوەیە، بۆ کاتێ گرفتێك لە نەخۆشخانە ڕوودەدات یەخەی وەزیری تەندروستی دەگرین یان لە زانکۆ بەرپرسیارێتییەکە دەخەینە ئەســـتۆی وەزیری خوێندنی باڵا؟ باشـــە ئەگـــەر تاوان و تەقینەوە ڕوویدات ئێمـــە یەخەی وەزیری ناوخۆ بگرین کوا ئەو وەزیرە؟ باشـــە کوا وەزیری بەرگری تاکو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین؟ کەواتە بەرەڵڵاییەکە لە بواری ئەمنییەوەیەو کەس ناتوانێ سەری لێدەربکات.))

**تەنیا ڕێگە بۆ سەقامگیری**
**گەڕانەوەیە بۆ شەراکەت و جێبەجێکردنی دەستوور**


دەمێکە ســـەرکردایەتی سیاســـیی کوردســـتان بۆچوونی خۆی ڕاشـــکاوانە بەســـەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی عێراق ڕاگەیاندووە، بەوەی وڵاتێکی مۆزایکی وەك عێراق بە تاکە لایەنێـــك حکومڕانی ناکرێت، لەمـــەش گرنگتر ئەوەیە ئەم وڵاتە کە ئێستا بە قۆناخێکی ڕاگواستنی مەترسیدار گوزەر دەکات، دیســـان بە زۆرینەو کەمینە حکومڕانی ناکرێت و دەبێت هەتا ئەم قۆناخە تێدەپەڕێت و پێکهاتە جیاوازەکان دەبنە خاوەنی هەرێمی فیدرالی خۆیان و خۆیان حکومڕانی خۆیان دەکەن، ئەم وڵاتە لەسەر بنەمای شەراکەتێکی ڕاستەقینە بەو جۆرەی دەســـتوور نەخشە ڕێگەی بۆ داڕشتووە حکومڕانی بکرێـــت، ئەگەر بـــە وردیش خاڵەکانـــی ڕێککەوتننامەی هەولێر سەیر بکەینەوە، ئەوا هەست دەکەین لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراق بەمجۆرە نەخشە ڕێگەی بۆ دەربازبوونی عێراق لەهەموو قەیرانەکان داڕشـــتووە، بەڵام پابەندنەبوونی ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی کردەیی لەعێراقدا بەدەستەوەیە، بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت پرۆســـەی سیاسی عێراق وەك پێویســـت کاری خۆی بکات و عێراق بەرەو پێشـــەوە هەنگاو هەڵبگریت و پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق دەســـت پێبکاتەوە، ئەمەش بۆتە هـــۆکاری ئەوەی هێندەی حکومەت ســـەرقاڵە بـــە ئەجیندای سیاســـی چۆنییەتی مانەوەی لەدەســـەڵات، هێندە بایەخی بـــە ئاوەدانکردنەوە و دووبارە بونیادنانـــەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان نەداوە و هێشـــتا هەندێك خزمەتگوزاری سەرەکی وەك دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و وزەی کارەبا لەوپەڕی خراپیدایە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو بەشەی عێراق هەست بە هاوڵاتیبـــوون نەکەن و جۆرێك لـــە نامۆبوون و بێزاری بەســـەریاندا زاڵ بیـــت، کە ئەم دۆخەش هاتـــە ئاراوە ئەوا ژینگەیەکی لەبار بۆ دزەکردنی تیرۆریستان دروست دەبێت، هەروەك چۆن ئێســـتا لایەنە تیرۆریســـتیەکان تەواوی ئەو بۆشـــایانەیان ئیستغلال کردووە و ڕۆژانە بەدەیان تەقینەوەی خۆکوژی لەشارەکانی عێراق ئەنجامدەدەن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەتا ئیرادەیەك نەبێت بۆ ئەوەی بەڕاستی و بەکردەیی هەنگاو بۆ قبوڵکردنی شـــەراکەتی ڕاستەقینە پیادەبکرێت و دەســـتوور جێبەجێ بکرێت، ئەوا ئـــەم بارودۆخە هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت و مەترسی گەورەتریش بەدوای خۆیدا دێنێت.



کازم شەممەری بۆ گوڵان:

## ئەوەی عێراق پێوەی دەناڵێنێ نەبوونی سەرکردەو بەرپرسی ئەمنی پیشەگەرە

# حوكمڕانانی عیراق بەرپرسن لە توندوتیژییەكانی وڵات



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان دەنووسێت

من هەمیشە هیوای ئەوە دەخوازم كە ئەگەر بە ئەنقەستیش بێت زاراوەی زۆر زبر و رەق دەرحەق ئەو كەسانە بەكارنەهێنم كە لە بیروڕادا جیاوازیان لەگەڵ مندا هەبێت،ئەوانە زۆر جار كە گوێیان لە پێشنیار یان راستییەكان دەبێت تووڕەبوون دەیانگرێ ، من نامەوێ بۆ چارەسەركردنی هەر كێشەیەك پەنجەی تۆمەت بۆ مافیاكانی گەندەڵی و هێزەكانی تیرۆر درێژ بكەم لەبەر ئەو هەموو تاوانانەی ئێستا ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە،بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بكەین كە لەم هاوكێشەیەدا حكومەت بەرپرسیاری یەكەمە لە بەرەوڕووبوونەوەی دیاردەی تیرۆر و دانانی چارەسەری گونجاو بۆ بنبڕكردنی یەكجارەكی.

بۆیە لە هاویشتنی هەر هەنگاوێك بە ئاراستەی چارەسەر پێویستە بە نیازپاكییەوە لە كێشەكە بنوانرێت و بەرژەوەندیی باڵای گەل لەبەرچاو بگیرێت و ئەو بەڵێن و پەیمانەی بە گەلی دەدەن تاسەر جێبەجێی بكەن و لە هیچ شتێك نەسڵەمێنەوە كە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی وڵات دەیخەنەگەڕ.

تاوان لە عیراقدا بە چەندین چەشن و جۆرە و ئاستەكانیشی جیاوازن،هەندێكیان تاوانی گەندەڵین یان جیاوازیی تایفی و رەگەزپەرستین لە هەمووشیان سەختتر و خوێناویتر تاوانەكانی تیرۆر و تۆقاندنە،سەبارەت بە تاوانی گەندەڵی ئەوا بە هەموو جومگەكاندا شۆڕبۆتەوەو زۆربەی فەرمانگەو دامەزراوەكانی دەوڵەتی تەنیوە هەر ئەمەش سەرجەم ئیش و كارەكانی پەكخستووەو لە كۆتاییشدا كاریگەریی بۆ سەر بەرژەوەندیی هاووڵاتیان هەیە،لە هەمان كاتدا تاوانی سیستماتیكی مافیایی رۆژانە گیانی دەیان كەسی سڤیل و بگرە لە هەندێ شوێن هەزاران منداڵی بێ تاوان دەكاتە قوربانیی مەرامە گڵاوەكانی ئەو چەتەو باندە تیرۆریستی و مافیایانە،ئەمانە هەر بەوەوە ناوەستن بەڵكو منداڵ دەڕفێنن و خەڵكێكی زۆر بە دەمانجەی بێ دەنگ و لوغم لەناو دەبەن.

ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕوانینە كاتێك ئەو تاوانانە روودەدەن فەرمانگەكانی ئەمن و دەزگای پسپۆر یەكسەر تاوانەكان دەخەنە پاڵ (نەناسراو)،بەڵام لە رووی یاساییەوە ئەو دەزگایانە بەرپرسی خۆیان هەیە كە ئەوان بەر لە هەموو كەسێك بەرپرسیارێتییەكە لە ئەستۆ دەگرن،لە راستیدا پێویستە سەرۆك یان بەرپرسی ئەم فەرمانگانە دوای رووداوەكان ئەگەر بكوژو تاوانباریان پێ نەدۆزرایەوە یەكسەر دەست لەكاركێشانەوەی خۆیان پێشكەش بە بەرپرسی سەرووی خۆیان بكەن،تاكو بە گیانێكی شەفاف و روون و ئاشكراوە چارەسەری راستەوخۆی رەوشەكە بكرێت.

ئەوەی كە ئێستا لە بەغدا دەگوزەرێت،دەكەوێتە بازنەی ئاژاوەی پیلاندانان و خۆخەریك كردن بە هەندێ شتی لابەلا كە نقومبوونە لە گێژاوی مەینەتی و كارەساتباری كە بەرۆكی عیراقییەكانی گرتووەو هەروەك ئاماژەشم پێ دا ئەوان خەڵكانی بێ تاوان دەستگیر دەكەن و بەزەبری ئازارو ئەشكەنجە وایان لێدەكەن ئەگەر تاوانباریش نەبن دان بەوەدا بنێن كە ئەوان تاوانەكەیان ئەنجام داوە. بۆیە لە سایەی ئەم راستییانە پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر هەندێ خاڵ بكەین لەوانە:بەر لە هەموو شتێك ئەو تاوانەی لە عیراق دەكەونەوە هەموو جومگەكانی

گرتۆتەوە کە ئەمەش بەرپرسیارێتییەکەی ناکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەرێکی بچووك بەڵکو لە ئەستۆی خاوەن بەرزترین پۆست و پلەو پایەی حکومییە،چونکە لە راستیدا هەموو ئەو تاوانانە لە سایەو لە ژێر بەرپرسیارێتی ئەو گەورەبەرپرسیارانە روودەدەن کە میللەت متمانەی پێداون لە رووی یاساوە هەر ئەوان بەرپرسی یەکەمن.خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هەموو بەڵگەنامەو ئاماژە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەربارەی دەوڵەتی عیراق و کاری دەزگاکانی ئەوە روون دەکەنەوە کە دەوڵەتێکی فاشیلە ،ئەمە وێرای ئەوە بەو چاوە سەیر دەکرێت کە تاسەر ئێسقان لە گەندەڵی و نا سەقامگیری نقووم بووەو.بۆیە لەم سەروبەندەدا وا دەخوازێت هەڵوەستە لەسەر چەند راستییەك بکەین: پێویستە کار بە حکومەتێکی تەکنۆکراتی پیشەیی بکرێت کە بتوانێت ئەرکە پەکخراوەکان بە پلانی زانستیی ورد بەڕێوەبەرێت،بەمەرجێ دەسەڵاتی جووڵەو کارکردنی هەبێت لەبەر رۆشنایی ڕێکەوتنێکی نیشتمانی و رەنگە بە حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی لە چوارچێوەی حکومەتێکی تەکنۆکراتی فراوان مەیسەر بێت کە نەکەوێتە ژێر مەرامی تەسکی حزبایەتییەوە،بەم شێوەیە هەموو هێزەکان بەرپرسیارێتیی ئەو قۆناغەیان دەکەوێتە سەر شان بۆ ئەوەی دڵسۆزانە ئەم دەوڵەت رزگاربکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم هێزانە سووربوون لەسەر کۆتایی نەهێنان بەم رەوشە نالەبارە ئەوا هەنگاو بەرەو فەنابوونی دەوڵەت و سڕینەوەی لە نەخشە هەڵدەگرن و گەلی عیراقیش تووشی دابەشبوون و ناسەقامگیری دەکەن.چارەسەرێکی دیکە ئەوەیە کە حکومەتێکی کاربەڕێوەبردن پێکبێت بۆ ئەوەی ئیش لەسەر دەرکردنی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردن بکات و دواجار پابەندبێت بەو یاسایانە و زەمانەتی پاکیی ئەنجامەکان بکات،تا لەبەر رۆشنایی ئەودا حکومەتی زۆرینە پێکبێت بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات پابەندبێت و ئەگەریش شکستی هێنا یەکسەر واز لەدەسەڵات بێنێت،ئەمەش بە کاراکردنی دادگا و پەرلەمان ئەنجام دەدرێت.لەهەردوو حاڵەتدا پێویستە پشت بە رێکخراووشارەزایی نێودەوڵەتی بەسترێت بۆ سوود وەرگرتن لە راوێژو بۆچوونیان ،لەهەمان کاتیشدا دیداری ئاشتبوونەوەی نێوان لایەنەکانی ئێستای دەسەڵات گوزارشت لە رێکەوتنی نێوانیان ناکات بەقەدەر ئەوەی کە گوزارشت لەوە دەکات کە چاك دەزانن بەرژەوەندییان لێدەدرێت و رەنگە لایەنگرو دۆستانیان لێیان زویربن بەڵام لە رواڵەتدا وا خۆیان پیشان دەدەن کە ئاشتبوونەتەوە،هەر لەبەر ئەوەیە کە میللەت ناچار نییە و پابەندیش نابێت بە ئارەزووە و مەرامە تایبەتییەکانی ئەو سەرکردانە کە ئاخۆ ئاشت دەبنەوە یاخود بە میزاجی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن،جێگەی ئاماژە بۆکردنیشە کە حکومەت و بە تایبەتیش ئەو هێزەی ئاراستەی دەکات و بەڕێوەی دەبات و سەرجەم دەسەڵاتەکانی لەدەست خۆی گرتووە،هەر ئەوە هەمیشە رێکەوتننامەکان پێشێل دەکات و ماددەکانی دەستوور جێبەجێ ناکات،بۆیە کە دواجار سەردانی هەولێری کرد و بەڵێنی دا کە هەماهەنگی و هاوکاری کوردستان دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان، تۆ بڵێی ئەم جارەش ئەم بەڵێنانە بەدی بێنێت و رێگەی تاکرەوەی نەگرێتەوەبەر؟

بۆیە ئەم قسەیە لەخۆڕا ناگوترێت چونکە دیومانە هەر کاتێك ئەو لایەنە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت دەنگی پاڵەوانەکانی بەرزدەبێتەوەو جارێکی دیکە دەست دەکاتەوە بە پیشاندانی فەلسەفەو بەرنامەو ئیش و چالاکییەکانی.هەر لەبەر ئەوەیە من پێموایە نیازپاکی لە قسەو کرداردا پێویستە نەك بە کۆبوونەوەیەك لەم شار یان لەو شار و بزەو پێکەنین لەبەردەم زوومی کامێراکان و لە ناخ و ناوەڕۆکیشدا نیاز و مەرام و مەبەستێکی دیکە هەبێت.

سەرکردایەتیی کوردیش کە هەمیشە بە وریایی و دانایی ناسراوە دەزانێت چۆن مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکات دیارە بە پێی پرەنسیبە دیموکراسییەکان و لە روانگەی بڕوابەخۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ سەرجەم کێشەکان هەوڵ و کۆشش دەخاتەگەڕ،ئەگەر ئەو دەوڵەتەی ئێستای عیراق هەر لەسەر ئەم رێبازو میتۆدەی بەوردەوام بێت و گوێ لە داخوازی و ئامانجەکانی گەل نەگرێت ئەوا بە راستی دەبێت بزانێت کە ویستی گەل زۆر بە هێزەو ئەستەمە هیچ هێزو کەسێك بتوانێت خۆی لەبەردەمدا راگرێت و دەرئەنجام دەوڵەت بەرەو هەرەس دەچێت و ئەو کاتەش ئەو هێزە گەندەڵ و مشەخۆرانەش بۆی دەردەچن و دەکەونە بەر نەفرەتی مێژوویی گەل.

هێزی سەرەکیی کە ئەمڕۆ توانای ئەوەی هەبێت کێشەکان بە شێوازێکی دیموکراتی دوور لە هەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی یەکلابکاتەوە ئەو شەریکە گرنگەیە کە لەسەر هەردوو ئاستی فەرمی و میللی لە عیراقدا بوونی هەیە ئەویش سەرکردایەتیی کوردستانییە کە بە پێی ئەو ئەزموونە دوورودرێژەی لە بوارە جیاجیاکاندا هەیەتی دەتوانێ کاریگەریی هەبێت و هەر ئەویشە دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات،بۆیە چۆنێتیی جووڵانەوەومامەڵەکردن لەگەڵ هەر پێشهاتێکدا وادەخوازێت کە بۆ چارەسەرکردنی هەر پرسێك روو لە دیالۆگ و گفتوگۆ بکرێت بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێت بنەما دیموکراسیەکان پشتگوێ بخرێن بۆ نموونە رەفتارو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خۆپیشاندان و پەناگیرییەکان کە پەنانەبرێتە بەر بەکارهێنانی هێز وتوندوتیژی کە ئەمە زیاتر رەوشەکە ئاڵۆزدەکات و لە شێوازی ئاشتییانەی چارەسەر دوورمان دەخاتەوە. بۆیە جارێکی دیکە دەیڵێمەوە کە هەر کاتێك تاوان روودەدات فەرمانگەکانی ئەمن و دەزگای پسپۆر یەکسەر تاوانەکە دەخەنە پاڵ (نەناسراو)،بەڵام لە رووی یاساییەوە ئەو دەزگایانە بەرپرسی خۆیان هەیە کە ئەوان بەر لە هەموو کەسێك بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆ دەگرن،لە راستیدا پێویستە سەرۆك یان بەرپرسی ئەم فەرمانگانە دوای رووداوەکان ئەگەر بکوژو تاوانباریان پێ نەدۆزرایەوە یەکسەر دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش بە بەرپرسی سەرووی خۆیان بکەن کە ئەمەیە دیموکراسییەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

**سەرکردایەتیی کوردیش دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکات دیارە لە روانگەی بڕوابەخۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ سەرجەم کێشەکان هەوڵ و کۆشش دەخاتەگەڕ**

**ڕەنگە بە حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی لە چوارچێوەی حکومەتێکی تەکنۆکراتی فراوان بتوانرێت دەوڵەتی عیراق لەم ناسەقامگیریەی ئێستا رزگار بکرێت**

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا و توێژەری ئەکادیمی لە زانستە سیاسییەکاندا**

## گۆردن بۆین بۆ گولان:

# ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە بەرژەوەندی رژێمی ئەسەدەو هێندەی دیکە بارودۆخی سوریای ئاڵۆز کردووە

**پرۆفیسۆر گۆردن ئیل بۆین ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ماریبەلەدوین لە ڤیرجینایە تایبەتمەندە لە سیاسەتی تیرۆر و شەڕی دژە تیرۆر و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سوریا بە تایبەتی گولان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر گۆردن بۆین سازداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو جەمسەرگیری دەچێت لەسەر دوو ئاست، یەکێکیان جەمسەرگیری مەزهەبی نێوان شیعەو سوننەیە، ئەوەی دیکەشیان جەمسەرگیری نێودەوڵەتی، ئەگەر سەبارەت بە جەمسەرگیری مەزهەبی بدوێین، کە مەترسی شەڕێکی درێژخایەنی لێدەخوێنرێتەوە، ئایا ئاییندەی ناوچەکە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- جەمسەرگیری ناوچەکە لەسەر بنەمای دابەشبوونی شیعە و سوننە کارێکی سوودبەخش نییە بۆ پەرەپێدانی تەواوی توانای زۆرێك لە دەوڵەتەکان. تایەفەگەری کۆسپە لەبەردەم یەکێتی نەتەوەیی و تەگەرەیە لەبەردەم ئەدای کاری دامەزراوەکانی دەوڵەت، وەك هێزە چەکدارەکان، و کاریگەرییان ناگاتە ئاستی بەرەوپێشچوونی نەتەوەیی. دابەشبوونی نێودەوڵەتی بەسەر چەند کەمپێك لە دەوڵەتان لەسەر بنەمای ناسنامەی تایەفەگەری، دەبێتە هۆکاری بەردەوامبوونی نائارامی لەنێو ئەو وڵاتانەدا کە فرەییان تێدایە. زۆر زەحمەتە شەڕێکی ناوخۆیی بەرەو سازشکردن و گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە ببەیت، کاتێك هێزە نێودەوڵەتیەکان بەرژەوەندیان هەبێت لە بەرەدەوامیدان بە دوژمنایەتی نێوان گروپەکان.

*** لە دەسپێکی ئەو گۆڕانکاریانەی وڵاتانی عەرەبی کە ناوی لێنرا بەهاری عەرەبی، مەزندەی ئەوە دەکرا ئەم گۆڕانکارییە ئەو وڵاتانە بەرەو دیموکراتی و کرانەوە ببات، بەڵام ئەم دەرەنجامە پێچەوانە بووەوە، ئایا تۆ چۆن ئەم بارە دەخوێنیتەوە؟**

- هەنگاو هەڵگرتن لە خۆسەپێنیەوە بەرەو دیموکراسی چەند توخم و پێکهاتەی هەیە، و تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردن ناگرێتەوە. چەند ساڵێکی دەوێت بۆ ئەوەی درەختی دیموکراسی لە نەریتی کۆمەڵایەتیدا بچێنیت کە پێویستە بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت. سەختترین نەریتێك کە فێری بین بریتییە لەوەی لایەنە جیاوازەکان شەرعیەتی حکومڕانی رکابەرەکانیان و چوارچێوەی یاسایی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی دیموکراسی قبوڵبکەن. کاتێك دەوڵەتە خۆسەپێنەکان بەکارهێنانی هێز و زەبر و زەنگیان کرۆدتە بناغەی حکومڕانیەکەیان، ئەوا زەحمەتە دەسەڵاتدارە هەڵبژێردراوە نوێیەکان ئەو راستیە قبوڵ بکەن کە دەسەڵاتە دیموکراتیەکەیان بە پێویست دەسەڵاتێکی سنوردارترن. بۆ ئەوەی دیموکراتی بن، دەبێت حکومڕانی هەر گروپێك کۆتایی پێبێت، کاتێك دەنگدەران کەسێکی دیکە هەڵدەبژێرن لەبری ئەو. کەواتە حکومەتە عەرەبیەکانی بەهاری عەرەبی کە تازە هەڵبژێردراون لە ململانێدان لەگەڵ ئەو مەیلەی لە گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە دروست دەبێت، و شکست و سەرکەوتنی ئەوانیش یەکلانەبۆتەوە و دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** باشە پێتوانییە ئێستا خەریکە ئەم کێشەی نێوان سوننە و شیعە جۆرێك لەمیحوەری دژ بەیەك دروستکردووە، لەلایەك ئێران سەرکردایەتی میحوەرێك دەکات و لەلایەکی دیکە سعودییە؟**

- ئەگەر ئێران خوازیاری ناوچەیەکی سەقامگیرە، ئەوا باشترە بۆ ئێران گۆشەگیری خۆی کەمبکاتەوە لەرێی هاوکاری نێودەوڵەتی و گرێدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت پێیوابێت پشێوی لە وڵاتانی دیکەدا خزمەت بە سیاسەتی ئێرانی دەکات، نەك تەنیا لە سوریا، بەڵام لە سوریادا بە شێوەیەکی روونتر و ئاشکراتر. لوبنان و عێراق دوو نموونەی دیکەن کە کاریگەری سیاسی شیعەکان بۆتەهۆی دابەشبوونێکی ناتەندروست لە ناوچەکەدا. شاردراوە نییە، کە چەکدارکردنی میلیشیاکان (وەك ئەوەی لە لوبناندا دەیکات) و دەستێوەردان (وەك ئەوەی لە عێراقدا دەکرێت)، هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتمانیان قورسترکردووە. تا ئەو رادەیەی ئێران پەرە بە دابەشبوون لەسەر بنەمای تایەفەگەری دەدات، و تا ئەو رادەیەی ئەمە بۆتەهۆی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی حکومەت لە چەند وڵاتێکدا،. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هەندێ دەوڵەتی دەرەوەی ناوچەکە(بۆ نموونە روسیا و ئەوانی دیکە) هەست دەکەن بەرژەوەندیان لەوەدا بێت پاڵپشتیان لێبکەن. پێموانییە



روسیا هەمان بەرژەوەندی هەبێت لەوەدا کە خەڵکی ناوچەکە دابەشبن و ڕێگری لە بەرەپێشچوونی نیشتمانی بکرێت، بەڵام ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕیە ڕەنگە پێیانوابێت بوونی پشـێوی لە کۆمەڵگە عەرەبیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا ڕێگایەك بێت بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، کە روسیا هەناردەکەرێکی سەرەکی ئەم کاڵایەیە.

*** ئایا نیشـانەی دروستبوونەوەی شـەڕێکی ساردی دیکە نییە؟**

- بە گشـتی ئەوەی لەسـەرەوە ئاماژەم پێکرد بەسـەر ئەم پرسیارەشـدا جێبەجێ دەبێت. گەڵاڵەبوونی «شەڕی سارد» گەورەکردنی شـتەکانە کـە هاوتەریب نین. ئـەو وڵاتانەی رکابەرن(بۆ نمونە ئەمریکا و روسـیا) هەمیشە لە ململانێدا بوونە بۆ دەستڕۆیشـتوویی. ئەمە شـتێکی نـوێ نییە لە جیهانی دوای سـاڵی ١٩٤٥ـەوە. بەڵام شەڕی سوریا، زۆر لەوە ئاڵۆزتـرە لەوەی بە ململانێی دەوڵەتـە دەرەکییەکان بۆ کاریگەربوون لەسەر دۆخی ئەوێ لێکی بدەینەوە.

*** بـەڵام دوای ئەوەی بـاس لەوە دەکرێت سـوریا چەکی کیمیایی بەکار هێناوە، ئێسـتا سوریا خۆی بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، ئایا تاچەند گەیشـتن بەم ئاسـتە دەبێتە هێڵی سوور بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟**

- پرسـیارەکەی ئێوە چەند شـتێکی جیاواز لەخۆدەگرێت. پێدەچێت ڕژێمەکەی ئەسـەد چەکی کیمیایی بەکارهێنابێت، ئەمەش بەلای ئیدارەی ئۆباماوە وەك «هێڵی سوور» دانرا بۆ ئەوەی ئەمریکا سیاسەتێکی نوێ لە ئاست سوریا بگرێتەبەر. هێرشە ئاسـمانیەکانی ئەم دواییەی سەر چەکەکانی سوریا، کە ڕەنگە کرابێتنە سـەر موشەکەکان، ئاماژەن بەوەی ڕژێمی سوریا هەندێ لە «هێڵە سوور»ەکانی پێشێلکردووە کە وایکرد ئیسرائیل کاردانەوەی هەبێت. کەواتە پێدەچێت بوونی ئاڵۆزی یاریزانـە نێودەوڵەتیەکان لە سـوریادا پتر ئاڵۆز بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بە بەراورد بەو دۆخەی سوریەکانی تێدا دەژین، ئەمە کێشەکی لاوەکیە، ئەو خەڵکانەی ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر گەورەبوونەتەوە: رزگاربوون. پێویسـتە ئەم کێشەیە ناوەڕۆکی ئەجێندای هێـزە مەزنەکان و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیەکان (بۆ نموونـە نەتەوە یەکگرتووەکان) پێکبهێنێت. تا ئێسـتا لەبری کاری یەکلاکەرەوە دوو دڵـی و چاوەڕوانی هەبووە. پێموانیە هیچ کەسێك خواسـتی دەستێوەردانی هەبێت. کەواتە هەموو لایەك قسەدەکەن، بەڵام هیچ شتێك نەگۆڕاوە. من پێشبینی گۆڕانی گەورە لە سیاسەتی ڕۆژئاوادا ناکەم لە مانگەکانی داهاتـوودا، سـەرەڕای گفتوگۆکانـی ئـەم دواییە، هیچ شتێك نەکراوە بۆ ڕاگرتنی کوشـتار لە سوریا. لەم کەشەدا، کاردانەوەی شـەکەت و ماندوی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی، لە نێویاندا ئەمریکا، لە ئاسـت سـوریادا بۆتە پاڵپشـت بۆ هەنگاوی لەسەرخۆی ئێران بۆ بەدەستهێنانی وزەی ناووکی، لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە، و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئێران وەك هەڕەشـەیەکی وجودی بۆ سەر ئیسرائیل ماوەتەوە، ئەوا پێموایە ئەگەری هێرشی پێشوەختە لەم ساڵەی دواییدا زیادیان کردووە، بەڵام من تۆمارێکی باشـم نییە لە پێشبینیکردن لەم ڕووەوە. چونکە دڵنیابووم لەوەی لە کانوونی یەکەمی سـاڵی ٢٠٠٨دا هێرشی پێوەشختە ڕوودەدات، بەڵام هەڵەبووم.

*** هەندێك پسـپۆڕانی بـواری دیموکراتی ئـەم دیاردەی وڵاتانی عەرەبی وەك تایبەتمەندییەك لە سیاسـەتی عەرەبی پێناسـە دەکەن و پەیوەندی بەئیسلامەوە نییە، لەبەر چەندین دەوڵەتی ئیسـلامی غەیرە عەرەب هەن تارادەیەك هەنگاویان بۆ دیموکراتی هەڵگرتووە، لانی کەم تورکیا، ئایا تۆ لەسـەر ئەم رایە چی دەڵێیت؟**

- مـن قەناعەتـم بەوەنییە هەمـوو ئەوانەی لـە تورکیادا حکومڕانی دەکەن بەدەر بن لە مەیلی ئەوەی حکومڕانییەکی تاکڕەوانە بکەن، یان مەحاڵە هیچ ئەگەرێکی دیموکراسی لە وڵاتە عەرەبیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا لە ئارادا نەبێت. هێشـتا ئەوە جێی سەرسـوڕمانە بۆ ئێمە کە مرۆڤەکان چی دەکەن کاتێك ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی قورسی گرتنەدەستی دەسەڵات دەبنەوە.

**دابەشبوونی نێودەوڵەتی بەسەر چەند کەمپێک لە دەوڵەتان لەسەر بنەمای ناسنامەی تایەفەگەری، دەبێتەهۆکاری بەردەوامبوونی نائارامی لەنێو ئەو وڵاتانەدا کە فرەییان تێدایە**

**پێشبینی گۆڕانی گەورە لە سیاسەتی ڕۆژئاوادا ناکەم لە مانگەکانی داهاتوودا، سەرەڕای گفتوگۆکانی ئەم دواییە، هیچ شتێک نەکراوە بۆ ڕاگرتنی کوشتار لە سوریا**



# میسر

## خەڵک داوای ڕۆیشتنی مورسی و هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکەن

ئەسما حوسەینی/قاهیرە

ملیۆنەها کەس لە گەلی میسر لە قاهیرەو زۆربەی پارێزگاو شـــارەکانی ئەو وڵاتە لە خۆپیشاندانی گەورەدا رژانە شەقام و گۆڕەپانەکان،ئەویـــش بەر لەچەنـــد رۆژێك لەو کاتەی کە ئۆپۆزسیۆن دیاری کردبوو بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتی ناڕەزایی دژی محەمەد مورســـی سەرۆکی میسر،لەو رۆژەدا مورسی ساڵی یەکەمی ســـەرۆکایەتییەکەی تەواودەکات،دیارە ئەوەی جەماوەرەکەی بەم شێوەیە تووڕەتر کرد وتارەکەی ئەم دواییەی مورسی بوو کە هەســـتی نارەزایی لای خەڵکەکە وروژاند و بووە هۆی ســـەرهەڵدانی شـــەپۆلی تووڕەیی لەلای سەرجەم توێژەو پێکهاتەکانی گەلی میســـر،ئەوەی لەم وتارەدا هاتبوو بە هیچ شـــێوەیەك و تۆزقاڵێك ئومێدی ئەوەی نەهێشـــتبۆوە کە سەرۆك ســـوورە لەسەر ئەنجامدانی ئاشتەوایی نیشتمانی یاخود هەوڵبدات وڵاتەکە لەم قەیرانەی ئێستای بێنێتەدەر،ئەو وتارە کە دووسەعات و نیو بەردەوام بوو هیچ رەنگدانەوەیەکی لێ نەکەوتەوە کە بەرژەوەندیی باڵای وڵات لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە بێت،لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانی سەرۆك لە مەیدانی رابعە عەدەویەی ئاقاری شاری نەسر کۆبوونەوەو پشتیوانی خۆیان بۆ شەرعیەتی سەرۆکی هەڵبژێردراو دووپات کردەوە، ئەوان داوای ئەوەیان دەکرد کە شەریعەت پەیڕەوبکرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەیارانی ســـەرۆك کە ژمارەیات تا دێ زیاد دەکات، دوای ئەوەی کە ســـەرجەم گەلی میســـر بۆی دەرکەوت کە ئەم سەرۆکە شکستی هێنا لە بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر هەردوو ئاســـتی ناوخۆو دەرەوەدا،بە تایبەتیش بژێوی هاووڵاتیانیش روو لە خراپییە وێرای کەمیی ســـووتەمەنی و قەیرانی پچڕانی کارەباو و ئاو هاوکات هەڵبەزو دابەزی بەهای دراوو بەرزبوونەوەی ئاســـتی هەلاوســـانی ئابووری،هەروەها پشـــێوی و تێکچوونـــی باری ئەمنی و کێشـــەی ســـینا و گرژبوونی قەیرانی ئاوی نیل و چەندین کێشەی دیکە، گەلی میسر بۆیان دەرکەوتووە کە ئیخوان دەیەوێت دەسەڵاتی خۆیان بەتەواوی بەسەر سەرجەم جومگەکانی دەوڵەتدا بسەپێنن،کە بە زاراوەی (بەئیخوانکردن) ناوی دەبەن،ئەمە سەرەڕای چەندین دۆســـێش کە لەبەردەم دادگادایە و ئامـــاژەن بۆ تێوەرچوونی ئیخـــوان لە چەنـــد تاوانێـــك دژی بەرژەوەندییەکانی گەل و وڵات،ئەو وتارەی مورســـیش ئەوەی ســـەلماند کە پشتیوانی لە شـــەرعیەتی بوونی خۆیان دەکـــەن و هەر ئەمەش بوو کە نیگەرانی لای میسرییەکان هێنایەئاراوە چونکە ناوەڕۆکەکەی هانی توندوتیـــژی دەکات و تاوانی تەخوین و تەکفیر دەخاتە پاڵ نەیارانی مورسی و حوکمەکەی.



له كاتێكدا كه ملیۆنەهای نەیاری مورسی كارتی سوور و لافیتەیان دژ بە حكومەتەكەی بەرزكردۆتەوە و پڕ بە دەم هاواردەكەن(ارحل- برۆ )كه پێشتر بۆ ڕۆیشتنی حوسنی موبارەكیان بەرزكردبۆوە،دەبینین ژمارەی كوژراوان لە ئاكامی پێكدادانەكان كه لە پارێزگاكان روویاندا،بۆ چوار كوژراو بەرز بووەوە،سەرانی حزبی حوریەو عەداله كه زمانحاڵی ئیخوان موسلمینه بەرپرسیارێتیی ئەو خوێن ڕشتنەیان خستە ئەستۆی بەرەی ئینقاز و بزووتنەوەی یاخیبووان.

ئەزهەر هۆشیاری دا بە هەڵگیرسانی (شەڕی ناوخۆ)، لەم رووەو دكتۆر حەسەن ئەلشافعی سەرۆكی نووسنگەی مەشیەخەی ئەزهەر و گەورە راوێژكاری دكتۆر ئەحمەد ئەلتەیب شێخی ئەزهەر لە بەیاننامەیەكدا كه دەزگاكانی راگەیاندن بڵاویان كردەوە رایگەیاند كه»پێویستە وریا بین تا نەخزێینە نێو شەڕێكی ناوخۆ و جیاوازی نەكات لەنێوان لایەنگرو بەرهەڵستكاران و ئەو كاتەش پەشیمانی دادمان نادات.

هەرچی عەمرو موسای سەرۆكی حزبی كۆنگرەو سەركردە لە بەرەی ئینقاز دووپاتی كردەوە كه بەرە داوای كودەتا دژی مورسی ناكات،بەڵكو داوادەكات مل بنێ بۆ سەندوقەكانی دەنگدان لە میانی هەڵبژاردنێكی پێشوەختەی سەرۆكایەتی،هەروەها گوتی:پێویستە دیموكراسیەت هەر بە گەمەی سەرەكی بمێنێتەوەو هەر گۆڕانێكیش پێویستە بە میكانیزمەكانی دیموكراسییەت ئەنجام بدرێت،چونكه میسر پێویستی بە گۆڕانكاریی راستەقینە هەیە لەو شێوازەی كه پێی بەڕێوەدەبرێت،دەبێ سەرۆك بە جددی مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بكات،بەڵام وادیارە كه سەرۆكایەتی نایەوێت دان بە تووڕەیی گەلدا بنێت.

لەبواری هەڵسەنگاندنی حوكمی سەرۆك لەماوەی ساڵێكدا دكتۆر عەبدولحافز كوردی مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی دەڵێت:لە میانی ساڵی رابردوو چەندین بڕیارو هەڵوێست هاتنە ئاراوە كه گورزێكی كوشندەیان لە خودی دەستوورو یاسا وەشاند،ئەو وەسفی رژێم بەوە دەكات كه دیدگاو بۆچوونی روون و ئامانجی ستراتیژیی نییە هاوكات بەرنامەو پلانی تۆكمە شك نابات كه بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەكانی نیشتمانپەروەردا كاریان لەسەر بكات.زیاتر روونی كردەوە كه ئەو رژێمە دژی میللەتەوهەڕەشەیە بۆ سەرناسنامەی نەتەوە و كلتووره رەسەنەكەی.ئەو شەرعییەتێك بۆخۆی بەڕەوا دەزانێت كه لە سندوقەكانی دەنگدان بەدەستی هێناوە،رژێمێكە هاتۆتەسەر حوكم كه بەردەوام دوژمنایەتیی رۆشنبیرو شاەزاو داهێنەران دەكات و سیاسەتی بە ئیخوانكردن لە سەرجەم دەزگاكانی دەوڵەت پەیرەو دەكات،ئەو رژێمەی كه كۆنترۆڵی سینای لەدەست داوەكە بەشێكی ئازیزی نیشتمانە، لە هەمان كاتدا جیهاد لە سوریا رادەگەیەنێت كە بەمەش دەیەوێت سوپای میسر بخاتە نێو ململانێیەكی تایفی و چاكتریش وابوو سەرۆك لەگەڵ میللەتەكەی ئاشتەوایی بكردایە.

لەلای خۆشیەوە نووسەری رۆژنامەنووس دكتۆر سەعید لاوەندی پێی وایە كه رژێمی ئێستا بەرامبەر خۆی هەڵەی كرد كاتێ خۆی خستە سەر بورجی عاجەوە و نەخزایە نێو كێشەكانی خەڵكەوە و گرانیی نرخەكان لە بازاڕەكەدا تەنگی بە هاووڵاتیان هەڵچنیوە.

بەڵام هەمیشە توندوتیژی مەترسییەكی گەورەیە كه هەڕەشە لە كۆبوونەوەكانی ناڕەزایی دەكات كه میسرییەكان بۆ چاككردنی رێبازی شۆڕشەكەیان رێكی دەخەن و خەڵكەكەش ترسی ئەوەیان هەیە كە وڵات بخزێتە ناو شەڕی ناوخۆوە،میسرییەكانیش هەر چاوی ئومێد دەبڕنە سوپای نیشتمانی،لە هەمان كاتیشدا لە فشاری ناوخۆو دەرەوە دەترسن، بەڵام عەبدولفەتاح سیسی وەزیری بەرگری بەم دواییە رایگەیاند كه سوپا بێ دەنگ ناوەستێ، بەڵكو دێتە ناو كێشەكەوەو قبوڵیش ناكات خراپی بەرامبەر بكەن لە ئاماژەیەكدا بۆ لێدوانەكانی پێشووی سەركردایەتییەكانی ئیخوان موسلمین و هێزە ئیسلامەویەكان،سیسی باسی لەو مۆڵەتەكرد بۆ ئەنجامدانی سازان راگەیانراوە، بۆیە هەندێ كەس پێیان وایە كه سوپا بە هاتنە ناو كێشەكەوە كارەكە یەكلایی دەكاتەوە،ئەمەش هەناسەیەكی خۆشی بەو كەسانە بەخشی كه ئەگەر سوپا دەست تێوەردان بكات ئەوا رەنگە لە بەرژەوەندیی ئیسلامییەكان بێت .

**سەرجەم گەلی میسر بۆی دەركەوت كە ئەم سەرۆكە شكستی هێنا لە بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، بە تایبەتیش كەمیی سووتەمەنی و قەیرانی پچڕانی كارەباو و ئاو هاوكات هەڵبەزو دابەزی بەهای دراوو بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسانی ئابووری**

**ملیۆنەهای نەیاری مورسی كارتی سوور و لافیتەیان دژ بە حكومەتەكەی بەرزكردۆتەوە و پڕ بە دەم هاواردەكەن(ارحل- برۆ)كە پێشتر بۆ رۆیشتنی حوسنی موبارەكیان بەرزكردبۆوە**